Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10302

# ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییە حکومی و نا حکومییەکان

## (توێژینەوەیەکی مەیدانی بەراوردکارییە لە ناوەندی شاری هەولێر)

**ماهر عبدالواحد عزیز، محمود محمد همزە**

بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانەدا پێویستییەکی بەردەوامی دامەزراوە پەروەردەییەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخە. بۆیە توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەپێکهاتەیەکی گرنگی قوتابخانە دادەنرێت. لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی هاتە پێش لە ساڵی 2003 لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، قوتابخانەیەکی زۆری ناحکومی هاتە دامەزراندن و بە هاوشانی قوتابخانە حکومییەکان، بەردەوام لە گەشە کردن و پەرەسەندندان. بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، دەرچووانی بەشەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی بە توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان بەتایبەت لە ئامادەییەکانی دادەمەزران. لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کاری کۆمەڵایەتی پسپۆریەکی نوێیە و لە ساڵی 2007 بریاری دامەزراندنی ئەو پسپۆریە درا، لە قوتابخانەکانی حکومی ئەو پسپۆڕیە دانەمەزراون. ئەو توێژینەوەی هەوڵی زانینی ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی وناحکومی دەدات، کە توێژینەویەکی مەیدانی بەراوردکاریە لە پارێزگای هەولێر. لەدوای شیکردنەوەی ئامارییانەی وەڵامی لێتوێژەران و شیکردنەوەی وەڵامی سەرپەرشتیارانی ڕینماییکاڕ توێژینەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییە ناحکومییە کان زۆر دیارترو باشترە لە قوتابخانە ئامادەییە حکومییەکان.

***Article Info***

Received: September, 2022

Revised: September, 2022

Accepted: November, 2022

***Keywords***

ڕۆڵ، توێژەری کۆمەڵایەتی، قوتابخانە.

***Corresponding Author***

**mahir.aziz@su.edu.krd**

**mahmood.hamza@su.edu.krd**

## پێشەکی

کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانەدا پێویستییەکی بەردەوامی دامەزراوە پەروەردەییەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخە. پسپۆری کاری کۆمەڵایەتی پسپۆرییەکی نوێیە لە هەرێمی کوردستان کە لەهاوینی 2007 فەرمانی کردنەوەی بەشی کاری کۆمەڵایەتی درا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەوکات ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی). بۆ یەکەم جار لە سالی 2008 لە شاری هەولێر بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دامەزرا، دواتر لە ساڵی 2014 لە زانکۆی سلێمانی هەمان بەش دامەزرا. بۆیە هەوڵێکی بێ ووچان هەیە بۆ ئەوەی کاری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لە بەرەو پێشبردنی کەرتی پەروەردە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە لە قوتابخانەکان ڕووبەڕویان دەبێتەوە، هەر بۆیە لە بەندی ژمارە 42 ی خوێندنگە ئامادەییەکان، لە سیستەمی پەروەردەیی تایبەت بە قوتابخانە بنەرەتی و ئامادەییەکانی ساڵی 2009 کە لەدەرئەنجامی بریار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی ساڵی 2007 بوو. کەتیایدا ئەرکی توێژەر باس دەکات. لە دوای ئەو کۆنگرەوە هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە توێژەران دابمەزرێن، بەڵکو ڕێژەیەکی زۆریش دامەزران. کاتێک کە کەرتی تایبەت هاتە پێش، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستانی بەخۆیەوە بینی دوای ڕوخانی رژێمی بەعسی لە ساڵی 2003 قوتابخانەیەکی زۆری نا حکومی دامەزرا. دواتر بە یاسای ژمارە 14 لە ساڵی 2012 لەلایەن پەرلەمانی کوردستان کاری قوتابخانە ناحکومییەکان ڕێکخرا. ئینجا وەزارەتی پەروەردە بە چەندین ڕێنمایی جیاجیاوە، کاری قوتابخانە ناحکومییەکانی ڕێکخست. یەکێک لە مەرجەکانی ئەو ڕێنماییانە، بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی بوو لە قوتابخانە ناحکومییەکان. کە لە

دوایین ڕێنمایی بە ژمارە (1)ی ساڵی 2021ی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا هاتووە .

لەبەر ئەوەی کاری کۆمەڵایەتی لەبواری قوتابخانە پسپۆریەکی نوێیە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا دەرچووانی لەکەرتی حکومی دانەمەزراون. وە لە نەبوونی ئەو پسپۆریە، دەمانەوێت بە توێژینەوەیەکی زانستی بزانین رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و ناحکومی لە پارێزگای هەولێر لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر چۆنە؟ زانینی ئاستی پەیوەندیان لەگەڵ قوتابی و مامۆستا و دایباب لە چ ئاستیکدایە؟ ئایا هیچ بەربەست هەیە لەبەردەم کارەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی؟ ئەو کێشەو گرفتانە چین کەڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟ ئایا ئەو کێشە و گرفت و بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە حکومییەکان دەبنەوە، هەمان کێشە وگرفت و بەربەستن کە ڕووبەڕووی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە نا حکومییەکان دەبێتەوە؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی، کێشە وگرفتەکانی بەردەم پراکتیزەکردن و جێبەجێکردن دا، رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دەست نیشان بکات و بەراوردێک بکات لە نێوان رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بە هەردوو کەرتی حکومی و ناحکومی.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

**گرفتی توێژینەوە:** قوتابخانە دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، یاخود ئامرازێکی پێگەیاندنی تاک و گەشەسەندنی توانستی زانستی و پەروەردەییە. لە نێو قوتابخانەدا پەیوەندیەکی چڕی کۆمەڵایەتی هەیە وەک پەیوەندی (قوتابی – قوتابی)، (قوتابی- مامۆستا)، (مامۆستا- مامۆستا)، (مامۆستا- دایباب) و (قوتابی- باڵەخانە و پێداویستیەکانی). بۆ ئەوەی قوتابی ڕووبەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان نەبێتەوە یاخود بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بێت. کە لە ئەنجامی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دروست دەبن، لەلایەک و لەلایەکی تر بۆ برەودان بە تواناکانی و گەشەپێدانی قوتابیان، قوتابخانە پێویستی بە رێنیشاندەرێک و ڕێنماییکارێک هەیە. هەر بۆیە هەوڵی بەردەوام هەیە کە کاری کۆمەڵایەتی لەدام و دەزگا پەروەردەییەکان فراوانتر بکرێت.

لەهەرێمی کوردستان لەبەر نەبوونی کۆمەڵکار(دەرچووانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی)، دەرچووانی بەشە کۆمەڵایەتیەکانی وەک کۆمەڵناسی و دەروونزانی لە قوتابخانەکان دامەزراون وەک توێژەری کۆمەڵایەتی کە ئێستا ناویان لێنراوە ((ڕێنماییکاری پەروەردەیی))(وەزارەتی پەروەردە 2020: 2). هەرچەندە سەرەتا ڕابەری پەروەردەیی هەبوو کە مامۆستایەک هەڵدەستا بەکاری تویژەری کۆمەڵایەتی و ڕێنماییکردنی قوتابیان. بەڵام خۆشبەختانە لە دوای ساڵی 2003 وەزارەتی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان دەرگای دامەزراندنی کردەوە بۆ دامەزراندنی دەرچووانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی، کە ببن بە توێژەری کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکان بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە قوتابیان. بەڵام ئەم توێژەرانە ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە. بۆیە ئەو توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بزانێت  ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکان چیە و ئەوکۆسپ و گرفتانەی کە دەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجی کردنی ئەرکی ڕۆژانەیان چین هەروەها هۆکارەکانیان چین؟ لەهەمانکاتدا پەیوەندیەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابی و مامۆستا و بەخێوکارانی قوتابیان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ناحکومییەکان هەمان کێشە و گرفتیان رووبەروو دەبێتەوە یاخود جیاوازن؟ ئەگەر گرفتەکان جیاوازبوون ئەوا بەشێوەیەکی زانستی دەستنیشان دەکرێت.

**گرنگی توێژینەوە:** کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانەدا پێویستیەکی بەردەوامی دامەزراوە پەروەردەییەکانە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی بواری پەروەردە و فێرکردن پەیوەندییەکی پتەوەی لەگەڵ بوارەکانی تر هەیە کە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی لە رووی ئابوری، سیاسی، تەندروستی، پیشەسازی و کشتوکاڵی. هەر بۆیە توێژەری کۆمەڵایەتی بەردەوام هەوڵدەدات لە رێگەی رۆڵی دیاریکراوی خۆیدا هاوکاربێت لەسەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن(و.پەروەردە 2020: 6). چونکە چەقبەستوویی و دواکەوتن لە پەروەردە و فێرکردندا، کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆی سیستەمەکانی تری کۆمەڵگا دروست دەکات. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت گرنگی تیۆری و مەیدانی رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بخرێتە ڕوو.

**ئامانجی توێژینەوە و پرسیارە سەرەکییەکانی:** وەک دەزانرێت قوتابخانە یەکێکە لە دامەزراوە هەرە گرنگەکانی پەروەردەکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگادا، کە بەشێکی ئەو پەروەردەکردنە لە ئەستۆی توێژەرانی کۆمەڵایەتییە لە قوتابخانەکان. ئەو قوتابخانانەش لەلایەن حکومەتی هەرێم بەڕێوە دەچن یاخود لەلایەن کەرتی تایبەت بە هەمان پرۆگرام و سیستەمی قوتابخانە حکومییەکان بەرێوەدەچێت، لەهەمانکاتدا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی و چاودێری دەکرێت.

ئامانجی سەرەکی لەو توێژینەوەیە بریتیە لە نیشاندانی جیاوازی لەڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و ناحکومی شاری هەولێر، لە ڕێگای چەند ئامانجێکی تر کە بریتین لە:

1- دیـــاریکردن و زانیـــنی رۆڵی تـــوێژەرانی کـــۆمەڵایەتی لە قوتابخـانە ئامادەییەکانی حکـومی و نـاحکومی پەروەردەی ناوەندی هەولێر.
2- زانینی جیاوازی رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی قوتابخانەکان لە ڕووی (رەگەز، سـاڵانی خـزمەت و بـاری خێزانـداری و ئابوری و بروانامە و پسپۆری)
3- زانینی نیشـاندەری ژمـارەی قوتـابی بەرامـبەر بە تـوێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پارێزگای هەولێر.
4- زانینی سیستەم و بڕیار و ڕێنمایە بەردەستەکانی تایبەت بە تـــوێژەرانی کـــۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکـــانی هەرێـــمی کوردستان.
5- زانیـنی کۆسـپ و بەربەسـتەکانی بەردەم کـاری پیشـەیی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و ناحکومی پارێزگای هەولێر.

**گریمـــانەی تـــوێژینەوە:** دامەزرانـــدن و دروســـت بـــوونی قوتابخـــانە حکومییەکـــان لەڕووی مێژوویـــیەوە بەبەراورد بە قوتابخانە ناحکومییەکان لەپێشترن. بەهەمان شێوە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە حکومییەکان زووتر دامەزراون. بۆیە ئەو تـــوێژینەوەیە گریمـــانەی ئەوە دەکـــات کە تـــوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە قوتابخـانە حکومییەکـان ڕۆڵیـان باشـتر بێـت بەبەراورد بە قوتابخـــانە ناحکومییەکـــان لە هەردوو ڕۆڵی سەرەکییان کە بریتیە لە چارەسەری گرفتی قوتابیان و برەودان بە توانای قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندندا. چونکە کارکردن بۆ مـاوەیەکی زیـاتر دەبیـتە هـۆی پەیـداکردنی شـارەزایی زیـاتر و برەودان بە تواناکانی کەسانی جێبەجێکار کە بریتین لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی حکومی.

## پێناسەی چەمکەکان

1- **ڕۆل :** چەمـکی ڕۆل یەکـێکە لەو چەمـکە گرنگـانەی کە لە تـوێژینەوەی زانسـتی و ئەکـادیمی بەکـار دەهێنـدرێت، لەبنەڕەتدا چەمکێکی ئینگلیزییە، وە لە زمانی کوردیدا هەمان ووشە بەکاردێت. پێناسەی مرۆڤناسی ئەمریکی ڕالف لینتن (Ralph Linton 1893 – 1953) کە پێیوایە ڕۆڵ بریتیە "لە کـۆی ئەو ئاڕاسـتە و بەهـا و ڕەفتـارانە کە کۆمەڵگـا ئارەزوویان دەکات بۆ هەموو ئەوکەسانەی کە لە پێگەیەکی دیـــاریکراودا کـــاردەکەن"(معتوق 1998: 286). یـــاخود بەشیوەیەکی سادەیی پێناسەی کردووە کە "ڕۆڵ بریتیە لە پێگە و و جێبەجیکردنەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا"( 1991 Jary J & Jary D :538) .لەو پێناسانانەدا ئەوەمان بـۆ ڕوونـدەبێتەوە کە ڕۆڵ و پێگە( Role & Status) دوو چەمـــکی پەیوەســـت بە یەکـــن واتـــا ڕۆڵ پەیوەنـــدی بە پـــێگەوە هەیە، هەروەهـــا ڕۆڵ نمـــوونەی ڕەفتارە، واتا ئەو کردەوە و ڕەفتارانەن کە خاوەن پێگەیەک ئەنجامی دەدات. ڕۆڵ بەو ماف و ئەرکانە دیاری دەکرێت کە پەیوەستن بە پێگە، واتە ڕۆڵ پێگە دیاری دەکات.

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ چەمکی ڕۆڵ:** بریتیە لە کۆی ئەوکار و چالاکیـانەی کە تـوێژەری کـۆمەڵایەتی بە مەبەسـتی دەستنیشان کردن و چارەسەر کردنی کێشە و کۆسپ و گرفت و ڕێنماییکردنی قوتابیان و گەشەپێدانی تواناکانیان لە قوتابخانە ئامادەییەکانی سـەنتەری پارێزگای هەولێر ئەنجامی دەدات، لە ڕێـگەی ئەو کارلێـک و پەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیـانەی لە نێـوان توێژەری کۆمەڵایەتی و قوتابیاندا دروست دەبێت.

2- **تـوێژەری کـۆمەڵایەتی (کۆمەڵکـار):** پێناسـەی دەسـتەی نیـودەوڵەتی کۆمەڵکاری قوتابخـانە ( International Association of School Social Work (IASSW 2004: توێژەری کۆمەڵایەتی یاخود کۆمەڵکار ئەوکەسەیە کە خـاوەن پیشـەیێکە، کە کاردەکـات بـۆ بـرەودان بە گـۆڕانی کۆمەڵایەتی، چارەسەری کێشەکان لەپەیوەندی مرۆڤەکان، تواناسـازی خەڵـک و پاڵپشـتیکردنیان و ڕزگاردنیـان و بەرەو باشـتربوونیان. پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دوو بنچینەن بـۆ کارکردن(NASW 2014).

هەرچەنـــدە وەزارەتی پەروەردەی حکـــومەتی هەرێـــمی کوردستان پێناسەی ڕێنمایی پەروەردەیی کردووە کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەڵدەستن بە ڕێنماییکردنی قوتابیان، بۆیە ناوی تـوێژەری کۆمەڵایەتییان گـۆڕی بـۆ ڕێنماییکاری پەروەردەیی. لەم ســـونگەیەوە ڕێنماییکـــاری پەروەردەیی لای وەزارتی پەروەردە: بـــریتیە لەو کەســـەی کە هەڵدەســـتێت بە جێبەجێکردنی پرۆسەی هاوکاریکردنی قوتابیان و خوێنداکاران لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ڕێنماییکردنیان سەبارەت بە خۆپاراسـتن لە تووشـبوون بە کێشـە جۆراوجۆرەکـانی ژیـانی ڕۆژانەیـان، هەروەهـا پاڵپشـتیکردنی قوتابیـان و خوێنـدکاران بەمەبەســتی گەشــەکردنیان بەشــێوەیەکی دروســت بــۆ بەدەستهێنانی بڕوا بەخۆبوون و گەیشتن بە سازانێکی باش لەگەڵ دەورووبەر(وەزارەتی پەروەردە 2020: 10).

**پێناسـەی ڕێکاری تـوێژەر بۆ تـوێژەری کـۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکـان:** بـریتیە لەو کەسـەی کە خـاوەنی بروانـامەی بەکالۆریۆس بەسـەرەوەیە لە بوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کە دەرچـــووانی بەشی کۆمەڵناســـی، دەروونـــزانی، کـــاری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی دەروونی لەخۆ دەگرێت، کە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکـومی و نـاحکومی شـاری هەولـێر دامەزراون یاخود گرێبەستیان لەگەڵ کراوە. لەسەر بنەمای پسپۆریەکەی و کارامەییەکانی یارمەتی قوتابیان دەدات لە گەشەپێدانی توانای هــزری و کۆمەڵایەتیـان و چارەســەرکردنی گرفتەکانیــان لەو

ژینگەی کە تێدا دەژین، جا گرفتەکان پەروەردەیی و رەفتاری بن یان لەسەر ئاستی فێربوون یاخود سازانی کۆمەڵایەتی بێت بۆ ئەوەی یارمەتی قوتابخانە بدات لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاریەکان لەسەر بنەماییەکی تەندروست.

3-**قوتابخانە** لای براد گوبی(Brad Gobby) وا پێناسەی کراوە کە دەڵێت: "قوتابخانە دەزگایەکی فەرمی پەروەردەکردنە هەر لە قۆناغەکانی پێشوەختە تا ئامادەیی لەخۆدەگرێت، کە قوتابی و مامۆستا و کتێبی فەرمی پەروەردەیی پێکەوە دەبەستێتەوە بۆ مەبەستی پەروەردەیی"( Gobby 2017: 1). لە پێناسەی دەستوری باشوری کارۆلینا ( South Carolina)ی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کە قوتابخانەی گشتی(حکومی) لەلایەن کەرتی گشتی(حکومی) یاخود کەرتی فەرمی وڵات بەرێوەدەبرێن، گشت پرۆگرام و چالاکیەکان لەژێر چاودێری لایەنی فەرمی وڵات بەرێوەدەچێت. لایەنی دارایی لەلایەن کەرتی فەرمی دابین دەکرێت(Zinth 2021).

**پێناسەی رێکاری توێژەر بۆ قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و ناحکومی:** قوتابخانە ئامادەییەکان: بریتین لەو قوتابخانانەی کە منداڵ لە تەمەنی 15 ساڵی لە دوای دەرچونی لە قۆناغی بنەرەتی دەتوانی درێژە بەخوێندن بدات، کە لە پۆلی 10 دەست پێدەکات و لەپۆلی دوازدە کۆتایی دێت. ئەو قوتابخانانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بەرێوەدەبرێن پێیان دەگوترێت قوتابخانەی حکومی. بەڵام ئەو قوتابخانەییەی کە هەمان پرۆگرام و سیستەمی پەروەردەی قوتابخانە حکومییەکان جێبەجێ دەکات، بەڵام لەلایەن کەرتی تایبەت بەرێوەدەبرێت پێی دەگوترێت قوتابخانەی ناحکومی لەهەمان کاتدا لەژێر سەرپەرشتی وەز ارەتی پەروەردەیە.

## بەشی دووەم

**تەوەری یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو:** بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە، پێویستە توێژەر لەسەرتای دەستپێکردنی بە توێژینەوە، بە دوای توێژینەوەکانی هاوشێوە یاخود نزیک لە گرفت و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی خۆی بەدواداچوون بکات. بۆ سوود وەرگرتنیان و دوورکەوتنەوە لە هەڵە و هەروەها دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە توێژینەوەکانی دیکە تێیکەوتوون(حسن 1996: 44). چونکە ختەنەرووی توێژینەوەکانی پێشووتر، بەشێکی بنەرەتی و پێویستە لە توێژینەوەی زانستیدا(حسن 1996 بەشی دووەم: 89). لەو توێژینەوەیش چەند توێژینەوەیەکی کوردستانی وعیراقی و عەرەبی دەخرێتە روو وەک ئەوەی لەخوارەوە باسیان لێوەدەکرێت کە لە رووی ناونیشان و ئامانج و گرفتی ئەو توێژینەوەیە نزیکن. وە بەگوێرەی ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکان رێزبەندکراون.

**یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان:** مەبەست لەو توێژینەوانەیە کە پێشکەشی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کراون جا چ بە زمانی کوردی بێت یاخود بەزمانی عەرەبی

**توێژینەوەی (شوق عثمان حمد، رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر) 2015 (حمد 2015: 1-106).**

توێژینەوەیەکی مەیدانی بووە لەشاری هەولێر ئەنجامدراوە و پێشکەشی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، یەکەم توێژینەوەیە لەو بوارە کە بەزمانی کوردی نووسراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

- أ- زانینی ئاستی پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابیانی ئامادەیی
- ب- زانینی ئاستی پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەستەی بەرێوەبردنی قوتابخانە.
- ت- زانینی ئاستی پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی بەخێزانی قوتابیانەوە.
- ث- ئاشنابوون بە ئاستەنگەکانی بەردەم کاری توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر.
- ج- ئاشنابوون بە رۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە بەدواداچوون بۆ ئاستی زانستی قوتابیان.
- ح- زانینی ئاستی رۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی قوتابی.

توێژەر میتودی وەسفی شیکاری و میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ بەراوردی ئەنجامی توێژینەوەکەی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووتر ئەنجام دراون. قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەی پێک دێت لە 60 توێژەری کۆمەڵایەتی لەکۆی 70 توێژەری کۆمەڵایەتی کە 10 یان لە مۆڵەت دابوون و 10 یان بۆ مەبەستی جێگیرکردنی پرسیارەکان وەرگیرابوون، کە ناکرێت دووبارە وەریان بگرێتەوە. وە 380 قوتابی لە هەردوو رەگەز لە پۆلی 10 – 12 پێک دێت لە 12 قوتابخانەی ئامادەیی لە ناوەندی شاری هەولیر نموونەی توێژەنەوەکە بوون.

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیبووە لە فۆرمی راپرسی و زانیاری تۆمارکراو. بۆ شیکردنەوەی داتاکان هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان SPSS. لەگەڵ چەند ئامرازێکی ئاماری وەک ئاماری پەیوەندی وەکو (هاوکێشەی سپێرمان) کە رێژەی جێگیری بریتیبووە لە 0.87 و رێژەی راستیەتی بریتیبووە لە 0.87 هەروەها ئاماری وەسفی (رێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری) بەکارهێناوە.

**ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیە لە:**

أ- پەیوەنـدی لە نێـوان تـوێژەری کـۆمەڵایەتی و قوتابیـانی ئامـادەیی شـاری هەولـێر هەیە بە بەهـای دەرهێـنراوی ( 0.567). بەڵام لەگەڵ ئەم پەیوەندیەشـــدا تـــوێژەرانی کـۆمەڵایەتی پێـان وابـووە هەنـدێک هۆکـار هەبـوونە کاریگەریان لەسەر ڕۆڵ و چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە دروست کردیە، ئەوانیش بریتین لە شاردنەوەی زانیاری لەلایەن قوتابی و زۆری ڕێژەی قوتابی لە قوتابخانە

ب-پەیوەنـدی لە نێـوان تـوێژەری کـۆمەڵایەتی و دەسـتەی کارگێری بەبەهای بەدەستهاتوو (0.767 ) هەیە. دەستەی کارگێری هاوکاربوونە لە ئەنجامـدانی کـۆڕ و کۆبوونەوەکان ڕۆڵ پێدان بە توێژەران. بەڵام توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیان وایە دەستەی کارگێری بە کاری ئیداری و لاوەکی سەرقاڵیان دەکەن، کە پەیوەندی نیە بە پیشەکانیانەوە.

ت- پەیوەندی لەنێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و باوانی قوتابیاندا هەیە، بەپێی بەهای بەدەستهاتوو (0.310) سەرەڕای ئەو پەیوەنـدییە بەڵام توێژەرانی کـۆمەڵایەتی پێیان وابـووە کە پەیوەندیەکی بەهێز نیە لە گەڵ بەخێوکارانی قوتابیان.

ث- پەیوەنـدی لەنێـوان کـاری تـوێژەری کـۆمەڵایەتی و ئەو ئاسـتەنگانەی دێـنە بەردەم تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە قوتابخـانە ئامادەییەکـان بـوونی هەیە بەپـێی بەهـای بەدەسـتهاتوو (0.657). هەر لەو ڕوانگەشـەوە تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی پێیـان وابـووە کە گـرنگترین ئاسـتەنگە پیشـەییەکان کە کاریگەری نەرێنی هەبـووە بریتی بـووە لە سـنوردارکردنی دەسـەڵاتیان لەچوارچێـوەی ژینـگەی قوتابخـانە و ڕێکنەخسـتنی کارەکانیـان لە چوارچیـوەی یاسایەکی دیاریکراودا

ج- پەیوەنـدی هەیە لە نێـوان ڕۆڵی تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی و هانـدانی قوتابیان بـۆ بەردەوام بوونیان لەسـەر خوێنـدن و بەهێزکـردنی پەیوەنـدیان لەگەڵ یەکـتردا بەپـێی بەهـای بەدستهاتوو (0.977).

ح- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەکاتی دامەزراندنیان لە ناوەندەکانی خوێنـدنـدا جەختیـان کـردیتەوە کەوا زانیـاریەکی ئەوتۆیـان پێنەدراوە لەبارەی چۆنیەتی کارکردن لە قوتابخانەدا.

خ- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکان ڕوونیان کـردۆتەوە کە تـوێژینەوەی مەیـدانی پەیوەسـت بە گـرفتە هەنووکەیەکانی پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردنیـان ئەنجام نەداوە.

**دووەم: توێژینەوە عیراقییەکان:** مەبەسـت لەو تـوێژینەوانەیە کە پێشکەشی زانکۆکانی عیراق کراوە جگە لە زانکۆکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**توێژینەوەی (مهدی عباس قادر مصطفی، تحدیات الخدمة الاجتماعیـة المدرسـیة و تطبیقاتهـا فی اقلـیم کوردسـتان) 2020 (مصطفی 2020: 1 - 2014)**

تـوێژینەوەیەکی مەیـدانیە لەشـاری هەولـێر ئەنجامـدراوە و پێشکەشی زانکۆی بەغداد کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە: تیشکخستنە سەر خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە گشتی و خزمەتگـوزاری کـۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکـان بەتـایبەتی و دیـاریکردنی ئەو سیاسـەت و بەرنامـانەی کە لە هەرێـمی کوردسـتان جێـبەجێ دەکـرێن لە ڕێگـای ئەو پرسـیارانەی خوارەوە:

أ- ئەو بەربەسـتانە چـین کە ڕووبەڕووی خزمەتگـوزاری کۆمەڵایەتی و کاری کۆمەڵایەتی دەبنەوە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان؟

ب- داتـا و زایاریەبەردەسـتەکان بـۆ دەرخسـتنی سروشـت و ڕێـڕەوەی خزمەتگـوزاری لە قوتابخانەکـانی هەرێـمی کوردستان چین؟

ت- ئەو بەرنامە خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیانە چین کە پشتیان پێ دەبەسـترێت لە قوتابخانەکـانی هەرێـمی کوردسـتان؟ ڕادەی گونجاویـان لەگەڵ پێـوەر و بنەمـا زانسـتی و پەروەردەیەکـانی خزمەتگـوزاری کـۆمەڵایەتی لە مەیـدانی کارکردندا چەندە؟

ث- پرەنسیب و تایبەتمەندییەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان چین؟

ج- ڕۆڵی گەشـەپێدانی پسـپۆڕانی کـۆمەڵایەتی لە دەزگـا پەروەردەییەکانی هەریمی کوردستان چیە؟

ح- ڕۆڵی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی قوتابخانە لە گەشەپێدانی ژیـنگەی قوتابخـانە و کۆمەڵگـای خـۆجێی لەهەرێـمی کوردستان چیە؟

خ- ڕۆڵی گەشەپێدانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی قوتابخانە لە گەیشـتن بە پەیوەنـدیەکان و تەواوکاری لەگەڵ ژینـگەی دەرەوەدا چیە؟

د- ڕادەی گشـتاندنی ئەو ئەزمـوونەی هەرێـمی کوردسـتان و جێبەجی کردنیان لە پارێزگاکانی عیراق چەندە؟

توێژینەویەکی استکشـافی و شـیکاری مەیدانی بووە لە پارێزگای هەولـێر تیایـدا میتـۆدی مـێژووی و بەراوردکـاری و ڕوپێـوی کـۆمەڵایەتی بەکارهێنـاوە. ئامرازەکـانی کـۆکردنەوەی داتـا و زانیاریەکـانی بـریتی بـووە لە فـۆرمی ڕاپـرسی و تێبینیکـردن و چـاوپێکەوتن لەگەڵ تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی و سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕانی بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بووە. هەروەهـا نمـوونەی لێوتـوێژەرانی بـریتی بـووە لە 200 تـوێژەری کـــۆمەڵایەتی لەپارێزگـــای هەولـــێر و 15 سەرپەرشـــتیاری پەروەردەیی و پسـپۆڕانی بـواری خزمەتگـوزاری کـۆمەڵایەتی. بـۆ

شـیکردنەوەی داتـا و زانیاریەکـان، تـوێژەر هەگـبەی ئامـاری زانسـتی کـۆمەڵایەتی(SPSS) بەکارهێنـاوە و گەیشـتیتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

أ- ڕێـژەی تـوێژەرانی ڕەگەزی نـێر 44% و ڕەگەزی مێ 56% بـووە، هەرچەنـدە لە هەرێـمی کوردسـتان هەلی یەکسـان دراوە بـۆ دامەزرانـدن، بەڵام ئافرەتـان زیـاتر حەزی دامەزراندنیان هەبووە.

ب- زۆرینـەی لێتـوێژەران (تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی) لەتەمەنی نێوان 23 – 42 ساڵی بووە.

ت- تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان لە پسـپوری جیا جیا بـوونە، بەڵام زۆرینەیـان کە ڕێـژەی 74% دەرچـووانی کۆمەڵناسی بـووە کەمـتر دەرچـووانی دەرونـزانی بـوونە وژمـارەی دەرچـووانی کاری کـۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان هەژارە.

ث- زۆرینـەی لێتـوێژەران خزمەتیـان لە نێـوان 11- 20 سـاڵ بـــووە. ئەوەش هۆکـــارێکی ئەرێـــنی و پاڵپشـــتیکاری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییە، چونکە شارەزایی یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی کارکردنی پێشەیی.

ج- پاڵپشـتی دارایی تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی وەزارەتی پەروەردەیە لەگەڵ بەشـداریەکی کەمی کۆمەلگای مەدەنی و ڕیکخـراوە نیودەوڵەتییەکان.

ح- زۆرینەی لێتـوێژەران کە ڕیـژەی 73% یان لەگەڵ کارگێری قوتابخانە پەیوندیان باشە.

خ- 60% ی لێتـــــوێژەران پێیـــــان وابـــــووە کە لەلایەن سەرپەرشتیاران بەدواداچونیان بۆ دەکرێ.

د- زۆرینەی لێتوێژەران کە بە ڕێژەی 94% یان پابەند بوونە بەتۆماری کار وچالاکیەکانی تایبەت بە پیشـەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی.

**سێیەم: توێژینەوە عەرەبییەکان:** مەبەست لەو توێژینەوانەیە کە پێشکەشی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی کراوە جگە لە عیراق.

**تـوێژینەوەی حنـان عیـد محمد عیـد، دراسـة مقارنـة لـدور الاخصـائى الاجتمـاعى فى المـدارس الحكوميـة و الخاصـة) 1996(عید 1996: 1-331)**

توێژینەوەیەکی بەراوردکاری مەیدانیە لەشاری قاهرة لە مصر- ئەنجامـدراوە و پێشـکەشی زانکـۆی القـاهرة لـقی الفیـوم کـراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە:

**أ-** دیـاریکردنی ڕۆڵی پێشـبینیکراوی تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە قوتابخـانە تایبەتەکـان وبەراوردکردنیـان بە قوتابخـانە حکومییەکان.

**ب-** وەسـفکردنی ڕۆڵی ڕاسـتەقینەی تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە قوتابخـانە تایبەتەکـان و بەراوردکردنیـان بە قوتابخـانە حکومییەکان.

**ت-** گەیشـتن بە بەربەسـتەکانیی بەردەم توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە تایبەتەکان و حکومییەکاندا.

**ث-** هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بە نەخشـە ڕێگـایەک بـۆ ئاینـدە بەمەبەسـتی زیـادکردنی ڕۆڵی تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە قوتابخانە تایبەتەکان و حکومییەکان.

تـوێژینەوەیەکی چەنـدایەتی بـووە کە میتـۆدی بەراوردکـاری مەیـدانی بەکارهێنـاوە لە پارێزگـای القـاهرة. ئامرازەکـانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی بریتی بووە لە فۆرمی ڕاپرسی، کە دابەشی سەر توێژەرانی کۆمەڵایەتی وبەڕێوەبەری قوتابخانەکان و کەس وکـاری قوتابیـانی کـردووە. هەروەهـا نمـوونەی لێوتـوێژەرانی بـریتی بـووە لە 45 تـوێژەری کـۆمەڵایەتی و32 بەڕێوەبەری قوتابخانە و 97 قوتابی لە 32 قوتابخانەی شاری القـاهرة. بـۆ شـیکردنەوەی داتـا و زانیاریەکـان تـوێژەر شـێوازی دەسـتی بەکارهێنـاوە لەڕێگای هاوکێشـە ئاماریەکان گەیشـتیتە ئەو ئەنجامانە:

أ- زۆربەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە حکومییەکان لە کاتی ڕودانی کێشەی قوتابی زیاتر ڕۆڵیان پێشکەشکردنی خـزمەتی تاکەکەسـیە و کەمـتر یارمەتیـدەری قوتـابیە بلیمەت و بەهرەدارەکانن. بەڵام توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخـانە تایبەتەکـان زیـاتر هەوڵی ڕوونکـردنەوەی چۆنیەتی ڕووبەڕوبونەی کێشەکانی قوتابیان دەدەن و زیاتر بـایەخ بە دەرخسـتن و گەشـەپێدانی توانـای قوتابیـانی بەهرەدار و بلیمەت دەدەن.

ب- زۆرینەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە حکومییەکان هەوڵی ڕەخسـاندنی کۆبـونەوەیەکی ئـارام دەدەن لە گەڵ ئەنجـــومەنی دایبابـــان و یەکێـــتی قوتابیـــان. بەڵام لە قوتابخـانە تایبەتەکـان بانگهێشـتی بەخێوکارانی قوتابیـان دەکەن لە ئاهەنگەکـان بـۆ دەرخسـتنی توانـای قوتـابیە بلیمەتەکان و خەڵات دابەشکردن بەسریان بە مەبەسـتی هاندانیان.

ت- بەربەسـتەکانی بەردەم تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی جیـاوازن لە قوتابخـانە حکـومی و تایبەتەکان. ئەو بەربەسـتانەی دێـنە بەردەمیان لە قوتابخانە حکومییەکان بریتین لە:

1. هاوکـــارنەبوونی مامۆســـتایان و دەســـتەی کـــارگێری قوتابخانەکـان لە چارەسـەر و بەدواداچـونی کێشـەی قوتابیان
2. زۆری ژمـارەی قوتابیـان لە قوتابخـانە حکومییەکـان بەربەستە لەبەردەم ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر.
3. فەرامۆشـــکردنی تـــوێژەرانی کـــۆمەلایەتی لەلایەن سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایان لە ئەنجامدانی چالاکیەکان و تۆمارکردنیان.

4. توێژەرانی کۆمەڵایەتی لاوازن لە دارشتنی دیدێکی روون بۆ ئەوەی لەداهاتوودا رۆڵێکی کاریگەریان لە قوتابخانەکانی حکومی و تایبەتەکاندا هەبێت.

**بەراوردکـــردنی توێژینەوەکـــانی پێشـــووتر لەگەڵ ئەم تـــوێژینەوەیە:** پێـــداچوونەوە بە توێژینەوەکـــانی پێشـــوو پاڵپشتیەکی زۆر بەهێزە بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەی زانستیبوونی توێژینەوە، هەروەها هۆکارێکی گرنگ و یارمەتیدەرە بۆ توێژەر. لەمیانەی خستنە رووی توێژینەوەکانی پێشوو کە نزیکن یاخود هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەن. ئەگەر چی لە شوێن و کاتی جیاواز ئەنجام درابێت، بەڵام هاوشێوە و لێکچوونی لەهەندێ بواردا هەن و لە هەندێک بواردا جیاوازین. بۆیە بەراوردێک دەکەین لەنێوان ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر لە خستنە رووی خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازەکان:

أ- **لەرووی ئامانجەوە:** ئەم توێژینەوەیە دووجۆر ئامانجی (سەرەکی- لاوەکی) هەیە، تەنها ئامانجی توێژینەوەی حنان عید محمد عید هاوشێوەی ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە بریتیە لە زانینی و نیشاندانی جیاوازی رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادییە حکومی و ناحکومییەکان. بەڵام گشت توێژینەوەکانی پێشوو تر لە چەند ئامانجێکی لاوەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەن بەتایبەت لە دوو ئامانج یەکەم: زانینی رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان، دووەم: زانین و خستنەرووی بەربەستەکانی رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان. لەگەڵ هەبوونی کەمێک جیاوازی لە ئامانجی توێژینەوەکاندا.

ب- **لەرووی بەکارهێنانی میتۆدەوە:** توێژینەوەکانی پێشووتر یان وەسفی شیکارین، وەک توێژینەوەی شوقی عثمان، یان استکشافی مەیدانین وەک توێژینەوەکانی مهدی عباس قادر مصطفی ، هەرچەندە زۆربەیان پابەندن بە میتۆدی تیکەڵاویان (Mixed Method)، کە تەنها میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتیان بەکارهێناوە. بەڵام ئەم توێژینەوەی میتۆدی سێکوچکەیی (Triangulation) بەکارهاتووە کە جگە لە میتۆدی جۆنایەتی و چەندایەتی، میتۆدی شیکاری داتا لاوەکیەکان ( Secondary Data Analysis) بەکارهاتووە بۆ خوێندنەوە و شیکارکردنی داتا فەرمیەکانی وەزارەتی پەروەردی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام توێژینەوەکەی حنان عید محمد عید میتۆدی چەندایەتی بەکارهێناوە. هەرچەندە توێژینەوەکەی شوقی عثمان لەگەڵ میتۆدی وەسفی شیکاری، میتۆدی بەراوردکاریشیان بەکارهێناوە، بەڵام بۆ بەراوردکردن بووە لە گەڵ توێژەینەوەکانی پێشووتر نەوەک بەمەبەستی بەراوردکردن بێت لە نێوان نموونەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە.

ت- **لەرووی جۆر و قەبارەی نموونەی توێژینەوە:** سەبارەت بە قەبارەی و نموونەی توێژینەوەکانی پێشووتر بەراورد بەو توێژینەوەیە، قەبارەی گشت توێژینەوەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ئەو توێژینەوەیە جیاوازن. سەبارەت بە نموونەی توێژینەوە، توێژینەوەکەی مهدی عباس نزیکە لە نموونەی ئەو توێژینەوەیە کە بریتیە لە خودی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان و سەرپەرشتیارانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی. بەڵام ئەوانیتر جیاوازن کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و قوتابیانیان وەرگرتووە وەک نموونەی توێژینەوەکەیان، وەک توێژینەوەکانی شوقی عثمان حمد، حنان عید محمد عید هەروەها گشت توێژینەوەکانی تر ڕووپێوی کۆمەڵایەتیان بەکارهێناوە، جا چ بەهەڕەمەکی یاخود مەبەستدار بێت. بەڵام لەو توێژینەوەیەدا ڕووپێوی گشتگیر بەکارهاتووە کە هەوڵ دەدات گشت توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییە حکومی وناحکومییەکان وەربگرێت لە گەڵ سەرجەم سەرپەرشتیارانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە سەرپەرشتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەکەن لە هەمان ئەو قوتابخانانەی کە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا وەرگیراوە.

ث- **لەرووی کۆکردنەوەی داتاکان و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان:** ئەم توێژینەوەیە وەک زۆربەی توێژینەوەکانی تر داتا و زانیاریەکانی کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەوەی جیاواز بوو، بریتیبوو لە تەکنیکی کۆکردنەوەی داتاکان کە لە ڕێگای گۆگل فۆرم (Google form) بەشێوەی ئۆنلاین(Online) داتاکان کۆکرانەوە. ئەوەش لە سەردەمی ئێستادا یەکێکە لە تەکنیکی کۆکردنەوەی داتاکان ، کەوا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان تەکنەلۆجیای هاوچەرخ تیایدا بەکاردێت.

**تەوەری دووەم: مێژوو و ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە:** پسپۆری کاری کۆمەڵایەتی وەک هەر پسپۆریەکی دیکە مێژووی سەرهەڵدانی هەیە و ئەرک و رۆڵی پێبەخشراوە. بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەر ئەرک و ڕۆڵەکەیدا هاتووە. لە خوارەوە بە کورتی باس لە مێژووی کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە دەکرێت:

بۆ یەکەم جار کاری کۆمەڵایەتی لە بریتانیا سەری هەڵداوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 150 ساڵ پێش ئێستا(Skehill 2010). بەڵام کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە یەکەم جار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1906 دامەزرا، لە نیویۆرک، شیکاگۆ، بۆستن و نیوهاڤن.

که پردێک بووه له نێوان قوتابی و دایباب و کۆمەڵگا. هەرچەنده سەرەتا ناوی پراکتیزەکاری قوتابخانه ( School Practitioner) بوو، تا نزیکەی 100 ساڵی خایاند تا دەرچوانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی ئامادەکران و له تەواوی قوتابخانەکانیان دامەزران و به توێژەری کۆمەڵایەتی له بواری قوتابخانه ناوزەدکران بە School Social Worker ( NASW 1 :2012). بەڵام له ساڵی 1956 بریاردرا(Wisner 1996) که تەنها ئەو توێژەره کۆمەڵایەتیانه لەگەڵ دۆخەکانی (Cases) لەناو قوتابخانەکاندا دەتوانن کار بکەن. وه لەبریتانیا سەرەتا مامۆستایەک به کاری توێژەری هەڵدەستا که ناوزەندکرابوون به مامۆستایانی سەردانیکار- Visiting Teachers (Stalnaker 2022) هەر کاتێک قوتابییەک گرفتێکی هەبووایه، مامۆستایەک سەردانی ماڵی قوتابیەکەی دەکرد. هەر له دوای ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا وولاتی میسر لەساڵی 1957 هەمان بریاریدا، که پسپۆرانی کۆمەڵایەتی (دەرچووانی بەشی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی) له قوتابخانەکان کاری توێژەری کۆمەڵایەتی بکەن. هەروەها بەیاسای 1958 خوێندنی تایبەت(ناحکومی) پەیوەست کرد به دامەزراندنی توێژەرانی (پسپۆرانی) کۆمەڵایەتی له قوتابخانه ناحکومییەکان(عید 1996: 42-43). له ڕاستیدا له دوای جەنگی جیهانی دووەم، توێژەرانی کۆمەلایەتی زیاتر ڕۆڵیان پێدرا له دوای دەرچونی جارنامەی مافی مرۆڤ(UN 1950) لەلایەن نەتەوه یەکگرتووەکان له ساڵی 1948 که له بەندی 26دا دەڵێت خوێندن مافی هەموو تاکێکه یێ بەرامبەر هەروەها به خۆێندن به زۆرەملێ دەبیت بۆقۆناغی خوێندنی بنەرەتی. لەو کاتەوه له بەر زۆری ناونووس کردنی منداڵان له قوتابخانەکان، پێویستیان به ژمارەیەکی زیاتری مامۆستایان هەبوو. لەهەمان کاتدا کاتێک تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت، کێشەی کۆمەڵایەتیش زیاتر دەبێت. بۆیه ووڵاتی میسر.زوو هەستی بەو بۆشاییه کرد و بریاری دا وەک ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا پسپۆڕی کۆمەڵایەتی له قوتابخانەکان دابمەزرێنێ.

لەعیراق لەبەر نەبوونی بەشی کاری کۆمەڵایەتی له ساڵی 1974ڕابەری پەروەردەیی دەستنیشانکرا که مامۆستایەک هەڵدەستا به پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری به قوتابیان یاخود دەرچوانی بەشی کۆمەڵناسی که ژمارەیان زۆر کەم بوو له عیراق، بەڵام لەبەر رازی نەبوونی بەشی زۆری بەرێوەبەری قوتابخانەکان پێیان وابووه دەسەڵاتی بەرێوەبەرەکان کەمتر دەبێتەوه یاخود دەسەڵاتیان بەسەر قوتابی و خانەوادەکانیان نامێنێ. بۆیه له ساڵی 1980 لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی بەغدا بریاری راگرتنی رابەری پەروەردەیی درا(عثمان 2021). دواتر عیراق له ساڵی 1983 یاسای ژماره 76 ی دەرکرد بەناوی یاسای چاودێری نەوجەوانان (قانون رعاية الاحداث)(مصطفی 2020 ل 65-68) که له بەندی 21 لەخالی یەکەمدا دەڵێ (هەموو قوتابخانەیەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی (پسپۆری کۆمەڵایەتی) بۆ دادەمەزرێت که له چارەسەری کێشەکانی قوتابیان بەرپرس دەبێت. ئەگەر هاتوو قوتابخانەیەک پسپۆری کۆمەڵایەتی نەبوو، ئەوه دەتواندرێت یەکێک له ئەندامانی دەستەی وانه وتنەوه، بەوکاره هەڵبستێت).

خاڵی دووەم (ئەگەر نەتواندرێت گرفتەکه له لایەن بەرپرسانی قوتابخانه چاره بکرێت، ئەوا بەرپرسی قوتابخانه دەیخاته بەردەم نوسینگەی خزمەتگوزارییەکانی دەروونی وکۆمەلایەتی له بواری قوتابخانه دا). تاکو ڕاپەرینی ساڵی 1991 شاری هەولێر هاوشێوەی شارەکانی دیکەی عیراق توێژەرانی کۆمەڵایەتی که بریتیبوون له دەرچوانی بەشی کۆمەڵناسی و دەروناسی یاخود ڕێنمایی دەروونی له قوتابخانەکان دادەمەزران.

له زانکۆی موصل بەشی کاری کۆمەڵایەتی له ساڵی 1985/1986 دامەزرابوو، بەڵام لەساڵی 1994 کرا به بەشی کۆمەڵناسی(مصطفی 2020 ل 63). له زانکۆی القادسية له ساڵی 1989 بەشی کاری کۆمەڵایەتی دامەزرا. بەڵام بەهەمانشێوەی زانکۆی موصل له ساڵی 1994 کرا به بەشی کۆمەڵناسی(ماڵپەڕی زانکۆی القادسية 2022). بەڵام له بەر گرنگی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی، له ساڵی 1999/1998 بەشی کاری کۆمەڵایەتی له (جامعة بغداد/ كلية التربية للبنات) دامەزرا(ماڵپەڕی زانکۆی بەغدا 2022)، بۆ ئەوەی دەرچووانی بەشەکه ببن به توێژەری کۆمەڵایەتی له قوتابخانەکان به ناونیشانی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی. لەبەر ئەوەی پێشتر له قۆناغی سێیەمی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا قوتابیان دەبوون به دوو لق، کاری کۆمەڵایەتی یەکێك بوو لەلقەکانی که تیایدا قوتابیانی دەرچوو پێیان دەگوترا توێژەری کۆمەڵایەتی (الباحث الاجتماعی).

له هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی وەزارەتی پەروەردە، پاڵپشت به یاسای چاودێری نەوجەوانان دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی هەبووه. بەڵام به ڕێژەیەکی زۆر کەم. پاشان لەساڵی 2003 له دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس له عیراق و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابوری لەسەر عیراق لەلایەن نەتەوه یەکگرتووەکان و باش بوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد و هاتنی بوودجه له بەغداوه بۆ هەرێمی کوردستان دەرگای دامەزراندن بەرووی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان کراوه. لەگەڵ ئەو شەپۆڵەی دامەزراندندا، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی له قوتابخانەکان دەرگای واڵا کرد. تا کو ساڵی 2014 که هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بۆوه له دوای تێکچوونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ

حکومەتی بەغداد. لەوکات بەشی کاری کۆمەڵایەتی دەرچووی نەبوو، بۆیە دەرچووانی بەشەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی بە ناونیشانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دامەزران. لەبەر گرنگی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لە مەیدانی جێبەجێکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخ و بارەکان (Cases) و چارەخوازەکان (Clients). بەفەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی ئەوکات رێزدار نێچیرڤان بارزانی و لەسەر پێشنیاری رێکخراوی یونسیف لەهاوینی ساڵی 2007بریاردرا بەکردنەوەی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سەلاحەدین بەهاوکاری تەکنیکی و زانستی زانکۆی ئێرستا سکۆندالێ ( Ersta Sköndal) سویدی. وە ساڵی 2008/ 2009 یەکەم ساڵی خوێندن بوو*. هەر لەسەرتاوە خوێندن تێیدا بە زمانی ئینگلیزبووە. پاشان بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سلێمانی لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان لەساڵی 2014 دامەزرا(ماڵپەڕی زانکۆی سلێمانی). بەڵام تا ئێستا لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی پارێزگای هەولێر دانەمەزراون. بەڵام لە قوتابخانە ناحکومییەکان و نێودەوڵەتیەکان لەشاری هەولێر وەک توێژەری کۆمەڵایەتی دامەزراون.

## ئەرک و ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان:

کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە کار بۆ دوو ئامانجی سەرەکی دەکات کە بریتیە لە پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کێشەکان و بەرزکردنەوە تواناکان یاخود پەرەپێدانی تواناکانی قوتابیان، بۆ گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جێبەجیکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ تا گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بێت و تاکەکان بگەن بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. لەم سۆنگەیەوە توێژەرانی کۆمەڵایەتی چەندین ئەرک و ڕۆڵی جیاوازیان لە چوارچێوەی سیستەمی قوتابخانەدا پێ دەسپێردرێت. دەستەی نیشتمانی کاری کۆمەڵایەتی (National Association of Social Work NASW) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند پێوەرێکی داناوە بۆ ئەوەی ببن بە بنەما بۆ کارکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکان(5 :2012 NASW) وەک (ڕەوشت و بەهاکان، بڕاوانامەی بەدەستهاتوو، توانای دەستنیشانکردنی گرفتەکان، دەستێوەردان (Intervention)، دروستکردنی بریار، پاراستنی تۆمارەکان، بەڕێوەبردن و خۆڕاگری کارکردن

لەژێر فشاردا، توانا ڕۆشنبیریەکان، گەشەپێدانی پیشەیی، پاڵنەر وهاوکاریکردن و پەیوەندی بەستن لەگەڵ کارگێری قوتابخانە) ئەم یازدە پێوەرەی داناوە بۆ هەڵسەنگاندنی کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان و چۆنیەتی یارمەتی دانیان بۆ باشترکردنی کارە پێشەییەکانیان. لەسەربنەمای ئەو پێوەرانە هەر وڵاتێک لەرێگای یاسا، رێنمایی یان ڕێبەر بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتیان ئامادەکردووە و بە پێێ کات وشوێن گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە. تەنها لە ویلایەتی ئیلنۆی ئەمریکا شازدە جار گۆڕانکاری لەیاساکان کراوە جا چ هەموارکردنی یاساکانی پێشووبێ یاخود دەرکردنی یاسای نوێ(-49 :2020 IASSW 56). ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشهات و تێگەیشتنانەی بۆ کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان. لە زۆرینەوەی وڵاتەکان کە بەردەستمان کەوتبوون، سەرەتا کاری توێژەران تەنها بە چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان بووە. بەهەمانشێوە وەک لەپێشووتر ئاماژەمان پێکرد کە لە عیراق یەکەم یاسا کە بۆ توێژەرانی قوتابخانەکان دەرچوو بریتیبوو لە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە 76 لەساڵی 1983 کە لە بەندی 21 لەخالی یەکەمدا دەڵێ (هەموو قوتابخانەیەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی (پسپۆری کۆمەڵایەتی) بۆ دادەمەزێت، بەرپرس دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان. ئەگەر هاتوو قوتابخانەیەک پسپۆری کۆمەڵایەتی نەبوو، ئەوە دەتواندرێت یەکێک لە ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە هەڵبستێت بەو کارە) واتە توێژەرانی کۆمەڵایەتی تەنها ئەرکیان چارەسەر کردنی گرفت وکێشەی قوتابیان بووە. دیسان لە هەرێمی کوردستان لە سیستەمی قوتابخانە بنەرەتی وئامادەییەکان لە بەندی 42 خالی پێنجەم دا هاتووە لەکاتی بوونی گرفتی قوتابیان ڕاوێژ بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ مەبەستی ئاڕاستەکردنی قوتابی گرفتدار بۆ چارەسەری گرفتەکەی و دووبارە نەکردنەوەی. بەڵام لەساڵی 2015 کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسان توانیان ڕێبەری توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی(کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسان 2015) بەهەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە بە چاپ بگەینن، ئەو ڕێبەرە بە سەر توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دابەشکرا، کە چەندین ئەرک و ڕۆڵی دیاریکردبوو بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان.
لە ساڵی 2017 وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری دارایی ڕێکخراوی یونسێف کۆنفراسی تایبەت بە کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەنجامدا* و دەرکردنی چەند ڕاسپاردەیەکی لێکەوتەوە. ڕاسپاردەکان چەندین گۆڕانکاری بۆ کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی

* توێژەر خۆی دەرچووی ساڵی 2014/2013 کە دووەم گروپی دەرچووانی ئەو بەشەیە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین. وە سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە مامۆستا پێشەنگ و دامەزرێنەرانی ئەو بەشە. هەروەها لە گروپ پەیجی سۆشیەل میدیای بەشی کاری کۆمەڵایەتی ئەو زانیاریانە دانراوە
(https://web.facebook.com/Salahaddin-University-Department-of-Social-Work-289540961555264)

* توێژەر خۆی ئەندام و بەشداربوو لەو کۆنفرانسە لە هۆتێل جوارجرا لە شاری هەولێر ئەنجامدرا لە 25 / 7/ 2017

له قوتابخانه‌كانـدا له‌خۆگرتبـوو، زیـاتر بـایه‌خ به‌ ڕێنمـاییكردنی قوتابیـان ده‌درێـت نه‌وه‌ک ته‌نهـا چاره‌سـه‌ر كـردنی كێشـه‌ی قوتابیان.

له‌ ســاڵی 2020 وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ ڕێــبه‌رێكی زۆر فــراوانتری به‌چاپ گه‌یاند، هه‌مان ئامانج و پێوه‌ره‌ نێوده‌وڵه‌تیه‌كانی تێدا جێكــــــردۆته‌وه‌(وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ 2020: 52-56) به‌ڵام به‌ ئه‌ركی و جیــاوازتر، ئه‌مجــاره‌ به‌ 33 خــاڵ ئه‌ركی تــوێژه‌رانی كۆمه‌ڵایه‌تی دیاری كردووه‌. ده‌توانین ئه‌و خاڵانه‌ دابه‌شی سه‌ر چه‌ند ته‌وه‌رێک بكه‌ین وه‌ک:

- أ- ته‌وه‌ری چاره‌ســه‌ری گــرفتی قوتابیــان و پێشكه‌شــكردنی ڕێنمایی ده‌روونی و كۆمه‌ڵایه‌تی به‌ قوتابیان
- ب- ته‌وه‌ری په‌یوه‌ندییه‌كانی توێژه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تی به‌ قوتابیان، مامۆسـتایان، كارگێری قوتابخـانه‌، به‌خێوكارانی قوتابیـان، ڕێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی و ده‌زگا په‌یوه‌ندیداره‌كان و هاوبه‌شه‌كانی په‌روه‌رده‌ له‌ سنووری قوتابخانه‌كه‌ی.
- ت- ته‌وه‌ری جێبه‌جێكردن و په‌یڕه‌وكـردنی  سیاسـه‌تی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌.
- ث- ته‌وه‌ری به‌دواداچوونی و په‌ره‌پێدان و گه‌شپێدان قوتابیان.

هه‌موو ئه‌و خاڵانه‌ كه‌ ئه‌ركی توێژه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تی دیاری ده‌كات بــریتین له‌ گه‌یشــتن به‌ دوو ئامــانجه‌ ســه‌ره‌كیه‌كه‌ی كــاری كۆمه‌ڵایه‌تی له‌ بواری قوتابخـانه‌ كه‌ بریتین له‌ پێشكه‌ش كردنی چاره‌ســه‌ری گرفــت و كێشــه‌كانی قوتابیــان و  هه‌روه‌هــا گه‌شه‌پێدان و په‌رپێدان به‌ توانای قوتابیان.

**ته‌وه‌ری ســێیه‌م: تێــوری تــوێژینه‌وه‌:** "تیــۆر بــریتیه‌ له‌چوارچێـوه‌یه‌كی هـزری بـۆ ڕاڤه‌كـردنی گروپگه‌لێـک ڕاسـتی زانســتی. ئه‌و ڕاســتیانه‌ش وا پێویســت ده‌كــات جۆرێــک له‌په‌یوه‌ندییان له‌نێواندا هه‌بێت، ده‌كرێت گشتاندنی بۆ بكرێت و ڕه‌نـگه‌ توانـای پێشـبینی كردنیشیـ هه‌بێت"(بۆكـانی 2020: 19). له‌هه‌مان كاتدا تیۆر به‌ته‌نها چوارچێوه‌یه‌كی تیۆری نیه‌ بۆ شیكاری، به‌ڵكو له‌پاڵ ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی دا ده‌توانردرێت جێبه‌جێ بكرێـت، وه‌ک تێوه‌ره‌كـانی كـاری كـۆمه‌ڵایه‌تی كه‌ له‌ مه‌یـدانی كاركردندا تاقی ده‌كرێنه‌وه‌. به‌كارهێنانی تیۆر بۆ توێژه‌ر گرنگه‌، چونكه‌ بۆ ئاشنابوونی به‌ بیروڕای كه‌سانی بیرمه‌ند و شاره‌زایانی پێشـوو یارمه‌تیـده‌ره‌ و تێڕوانـین وشـیكردنه‌وه‌ و لێكـدانه‌وه‌ی جۆراوجۆریـان بـۆ بـابه‌ته‌كه‌ خسـتۆته‌ڕوو. وه‌ بـۆ بـابه‌تی ئه‌و توێژینه‌وه‌یه‌ دوو تیۆر به‌گونجاو زاندرا، تیۆری ڕۆڵ كه‌ له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵناسی ئه‌مریكی (Talcott Parsons 1902 - 1979) به‌رهه‌م هــــاتووه‌ له‌گه‌ڵ تیــــۆری سیســــته‌م كه‌ له‌لایه‌ن (Ludwing Von Bertalanffy 1901 -1972). به‌ڵام دوای ووردبــوونه‌وه‌ له‌ تیــۆری ڕۆڵ كه‌ بــاس له‌ ڕۆڵ ده‌كــات له‌ كۆمه‌ڵگا به‌ گشتی كه‌ زیاتر له‌ بواری كۆمه‌ڵناسیه‌ كا ربه‌م تیۆره‌ ده‌كرێت. به‌ڵام بابه‌تی توێژینه‌وه‌كه‌مان باس له‌ دامه‌زراوه‌یه‌كی ناو كۆمه‌ڵگا ده‌كات كه‌ بریتیه‌ له‌ قوتابخانه‌ بۆیه‌ ته‌نها تیۆری سیسـته‌م بـاس ده‌كه‌یـن و شـیكردنه‌وه‌ی بـابه‌تی تـوێژینه‌وه‌كه‌ به‌پێی چه‌مـک و گریمانه‌كانی ئه‌و تیـۆره‌ ده‌خـرێته‌ڕوو. تیـۆری سیسـته‌م یه‌كـێكه‌ له‌ تیـۆره‌ سـه‌ره‌كییه‌كانی پسـپۆڕیی كـاری كۆمه‌ڵایه‌تی. بۆیه‌ به‌كـورتی باس له‌ چه‌مكه‌كان و گریمانه‌كانی تیـۆری سیسـته‌م ده‌كرێـت، دواتـر شـیكردنه‌وه‌ی بابه‌تیـانه‌ی توێژینه‌وه‌كه‌ به‌ گوێره‌ی تیۆری سیسته‌م ده‌خرێته‌ ڕوو.

**تیۆری سیسته‌م System Theory:** ئه‌م تیۆره‌ له‌سه‌ر ده‌ستی زانای فیزیكناسی نه‌مسایی (Ludwing Von Bertalanffy) به‌رهه‌م هـات. كه‌ پێیوابـوو تێگه‌یشـتن له‌ بـایۆلۆجی بـریتیه‌ له‌سیسـته‌مێكی ڕێكخـراو له‌ به‌شـه‌ په‌یوه‌ندیـداره‌كانی یه‌كـتر له‌ گشت دا(Langer & Lietz 2015: 28). بیرۆكه‌ی ئه‌م تیوره‌ له‌ســـه‌ر ئه‌وبنه‌مــایه‌ی كه‌وا (گشــت) له‌ (كــۆی به‌شـــه‌ پێكهاتووه‌كان) گه‌وره‌تـره‌ دامه‌زراوه‌(حمـد 2015: 11). پاشان ئه‌و تێوره‌ له‌ بواری فه‌له‌كناسی و فیزیا و ته‌كنه‌لۆجیا به‌كارهات ، دواتر هاته‌ ناو زانسته‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان. به‌ڵام گه‌ڵاله‌ كردن و سـه‌قامگیری تیـۆری سیسـته‌م له‌ كـاری كـۆمه‌ڵایه‌تی له‌لایه‌ن تیۆرڤـانی بـواری كاری كـۆمه‌ڵایه‌تی Gorden Hearn بـوو. به‌مه‌به‌سـتی تێگه‌یشـتن له‌ سیسـته‌می كـۆمه‌ڵایه‌تی وه‌ک تـاک، خێزان، كـۆمه‌ڵگه‌ و ڕێكخـراو و ده‌زگاكان.هه‌روه‌هـا په‌یوه‌نـدی و كارلێكی نێوانیان، ئینجا كاریگه‌ریان له‌سه‌ر یه‌كتردا( John J 2013). چــونكه‌ ئه‌م تیــۆره‌ ئه‌و گریمــانه‌یه‌ ده‌كــات، هه‌ر گۆڕانكـاریه‌ک به‌ســه‌ر هه‌ر به‌شـێک له‌ به‌شـه‌پێكهاتووه‌كانی سیسـته‌مه‌كه‌ ڕوویدات، ئه‌وا ده‌بیته‌ هـۆی گۆڕانكاری له‌ كۆی سیسته‌مه‌كه‌ و له‌ گشت به‌شه‌كانی تری سیسته‌مه‌كه‌. ئه‌مه‌ش خۆی له‌خۆیدا زۆر له‌ بیرۆكه‌ی قوتابخانه‌ی كۆمه‌ڵناسی بریتانی نزیكه‌ كه‌ به‌قوتابخانه‌ی بونیادی ئه‌ركگه‌رایی ( Functional Structuralism) ناسراوه‌.

**چه‌مكه‌كانی تیۆری سیسـته‌م:** ئه‌م تیۆره‌ چه‌نـد چه‌مـک و زاراوه‌یه‌ک له‌ خۆده‌گرێت(Payne 2014: 191-192) كه‌ بریتن له‌:

- أ- **سیســـته‌م(System):** قه‌واره‌كــان ســنوریان هه‌یه‌ كه‌ له‌نـــاوخۆدا، كه‌ وزه‌ی جه‌ســـته‌یی و ده‌روونی ئـــاڵوگۆڕ ده‌كرێت زیاتر له‌ سنوری ده‌ره‌وه‌یان. یاخود، "یه‌كه‌یه‌كی ڕێكخـراوه‌ له‌چه‌نـد به‌شـێكی په‌یوه‌ندیـدار و به‌ وابه‌سـته‌ی یه‌كتره‌وه‌ پێكهاتووه‌( Langer & Lietz 2015: 31).
- ب- **وزه‌(Energy):** له‌ هه‌مـوو سیسـته‌مێک ئاسـتێكی وزه‌ی دیـــاریكراوی هه‌یه‌ هه‌م له‌ عه‌مبـــاركردنی وزه‌ و هه‌م له‌ له‌ده‌ســتدانی وزه‌. كاتێـک كه‌ وزه‌ی هـاورده‌ زیـاتره‌ له‌ وزه‌ی هه‌نـــارده‌، سیســـــته‌مه‌كان ده‌گه‌نه‌ قۆنـــاغی عه‌مباركردنی وزه‌.

ت- **سنوور(Boundary):** هەر سیستەمێک سنوورێکی هەیە کە لە سیستەمێکی تری جیادەکاتەوە( Teater 2010: 19). ئامانجی سەرەکی سنوور پارێزگاریکردنە لە سیستەم لە دژی هەر کاردانەوەیەکی نەخوازراو کە لەناو سیستەم یان دەرەوەی سیستەم ڕووبەڕوی دەبێتەوە و دەیەوێت کاریگەری نەرێنی لەسەر توانای سیستەمەکە و کاریگەری لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی دروست بکات. تیۆری سیستەمی دوو جۆر لە سنووری دەستنیشانکردووە کە بریتین لە سنوری ماددی و مەعنەوەی. بۆیە سنوور دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت.

ث- **تێچووەکان(Inputs):** گشت ئەو سەرچاوە ماددی و مەعنەویانەن، کە بریتین لەو ووزە و زانیاریانەی لە ژینگەی دەوروبەر دێنە ناو سیستەم و کۆدەبنەوە، جا خۆی بەدەستی هێنابێت یاخود لە دەرەوە بەدەستی هێنابێت.

ج- **دەرچووەکان(Outputs):** ئەو ووزە و زانیاریانەی لە سیستەم دەردەچن بۆ ژینگەی دەرەوە و دەبنە ڕەنگدانەوەی توانای سیستەم لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی. هەرچەند دەرچووەکان لەگەڵ ئامانجەکان تەبا یاخود کۆک بن، ئەوا هاوسەنگی زیاتری لێ بەرهەم دێت. ئەو کاریگەریانەی لەسەر مرۆڤەکان یاخود شتەکانی دەروەی سنوری ووزە لە ژینگەدا بێهۆش دەبن. لەو کاتەدا سیستەم دەگۆڕدرێت و کاریگەری لەسەر هەستکردنی کەسانی دیکە دەبێت، یان ئەو کارانەی کە مرۆڤەکانی ناو سیستەمەکە ئەنجامی دەدەن(Payne 2014: 192).

ح- **ئالوگۆڕکردن(Reciprocity):** کاتێک بیرۆکەیەک یاخود بەشێک لە سیستەم دەگۆڕێت ئەو گۆڕانکاریە کاریگەری لەسەر هەموو بەشەکانی تری سیستەم دەبێت و دەبێتە هۆێ گۆڕانکاری تیایاندا. یاخود بۆ بەدەستهێنانی ئاستێک لە هاوسەنگی هەوڵ دەدات لە ڕێگای هەناردەکردن و هاوردەکردنی ووزە، کاتێک کەموکورتییەک ڕوودەدات، هەوڵ دەدات ئەو هاوسەنگیە بەدەست بهێنێت بۆ پاراستن و مانەوەی خۆێ(سلیمان 2005: 23-42).

خ- **فیدباک(Feedback):** سیستەمەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان و ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکانیان پشت بە پرۆسەی فیدباک دەبەستن. کاتێک ئەو پرووسەیە ڕوودەدات کە کاریگەری لەسەر ژینگە هەیە و دەبێتە هۆی هاتنە ژوورەوەی زیاتر بۆ ناو سیستەمەکە.

**ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە تیۆری سیستەمدا:** لەژێر سایەی چەمکەکان وگریمانە و پێوەرەکانی تیۆری سیستەم مامەڵە لەگەڵ قوتابخانە دەکرێت وەک بەشێکی لە سیستەمی گەورەی کۆمەڵگا وە هەروەها مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە دەکەین، لە چۆنیەتی ئەنجامدانی گۆڕینی ڕوانگە و شێوازی ئەنجامدانی مامەڵەیەکی پیشەییانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە پیشەکەیانەوە هەیە. وە مامەڵە کردن تەنها لە چوارچێوەی تاکەکەسی نەبێت بەڵکو مامەڵەکردن بەشێوازی گروپ لە بواری کاری کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە چونکە ئەندامانی گروپ کارلێک و کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە. دواتر تیۆری سیستەم بەشداربوو لە دەرکەوتنی تیۆری دیکە وەک تیۆری ئیکۆلۆجی کە بیرۆکەی سەرەکی تیۆری ئیکۆلۆجی لە تیۆری سیستەم وەرگیراوە. لەبەر ئەوەی تیۆری ئیکۆلۆجی لە بواری پراکتیکدا هاوکاری زۆری کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی نێو کۆمەڵگادا، بەشێوەیەک وای لێهات کە زۆرینەی تیۆرڤانەکانی کاری کۆمەڵایەتی ئەو دوو تیۆرە پێک ببەستنەوە کە ناونرا تیۆری سیستەم و ئیکۆلۆجی و تواندرا جێگرەوە بۆ هەندێک چەمک دابنێن و فروانتری بکەن بۆ نموونە چەمکی دەستنیشان کردن گۆڕدرا بۆ چەمکی خەملاندنی باروودۆخ کە تەنها دەستنیشانکردن ناگرێتەوە بەڵکو لێکۆلینەوە لە هۆکەرەکان و دەستنیشانکردن دەگرێتەوە. هەروەها لە جێگەی چەمکی چارەسەر چەمکی دەستێوەردانیان(Intervention) خستە نێو تیۆرەکە بووە جێگرەوە (Alternative) بۆ چەمکی چارەسەر. هەروەها قۆناغی هەڵسەنگاندن لە تیۆری ئیکۆلۆجی هاتە نێو تیۆری سیستەمەوە. لە دوای لێکدانیان هەردوو تیۆر کە پێی وایە تەنها دەستنیشان کردن و چارەسەر بەس نیە، بەڵکو دەبێت هەڵسەنگاندن بکرێت کە پێویستە بۆ شیکردنەوەی باردۆخەکە بەدواداچوون بۆ کارلێک و تێکهەڵکێشی. فاکتەرەکان لە ژینگەو دیدی هەمەجۆر گشتگیر بکرێت. واتە "پرۆسەی چارەسەر بەس نیە بەڵکو دەبێت بەچەند قۆناغیک یاخود چەند هەنگاوێکی دیاریکراو بۆ دەستێوەردانی پیشەیی لە ڕیگەی ئامانجە دیاریکراوەکان بۆ هەر هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی دەستێوەردانی پیشەییانە ئەنجام بدرێت "( McMahon 1990: 9). لەژێر ڕۆشنایی تیۆری سیستەم دا چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە دەخەینە ڕوو:

1. **سیستەم:** لە تیۆری سیستەم دا بە پشتبەستن بە چەمکی سیستەم هەروەها پشتبەستن بە یەکێک لە گریمانەکانی ئەو تیۆرە کە پێی وایە لە نێوان پێکهاتەکانی هەر سیستەمێک جۆرێک لە پەیوەندی و پەیوەست بوون بەیەکەوە هەیە، کە هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوانی تر هەیە. تیشک دەخەینە سەر ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە وەک ئەندامێکی سەرەکی لە ناو سیستەمی قوتابخانەدا، لە بونیادنانی پەیوەندی لەگەڵ هەر یەک لە بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستا، قوتابیان و بەخێوکارانی قوتابیان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەم

دەزگایەدا کار دەکەن. بوونی پەیوەندییەکی بەهێزی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەڕێوەبەر و بەخیوکارانی قوتابیان دەبێتە ئاشنا کردنیان بە ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەلایەتی لە قوتابخانەکان و کەمکردنەوەی گرفتەکان و باشترکردنی پرۆسەی فێربوون و پەروەردەکردن. بەلام ئەگەر وورردتر سەیری پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەر بکەین. دەبینرێ کە بەڕێوەبەر چۆن ئاگاداری مامۆستایان دەکاتەوە لە ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی، تاکو مامۆستایان بە ئاسانتر لەکاتی بوونی گرفت و کێشەی قوتابیان و بەهرەمەندیان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی لێ ئاگادار بکەنەوە. لەلایەکی تر پەیوەندی بەهێز لە نێوان بەڕێوەبەر و توێژەری کۆمەڵایەتی دەبیتە هۆی ئەنجامدانی چالاکی زیاتر و دابین کردنی پێویستیەکان بە شێوەیەکی ئاسانتر.

پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابیان دەبیتە هۆی دروست بوونی متمانەی زیاتر لە نێوان توێژەران و قوتابیان، بۆئەوەی قوتابیان بە ئاسانتر گرفتەکانی خۆیان لای توێژەرانی کۆمەلایەتی باس بکەن، بە مەبەستی دەستیشانکردنی هۆکاری گرفتەکان و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆیان. یاخود چۆنیەتی یارمەتیدانیان لە پەرپێدانی تواناکانیان و دوورخستنەوەیان لە ئەگەرە نەخوازراوەکان. بەڵام دەبێت پەیوەندییەکی پیشەییانە بێت نەوەک پەیوەندی سۆزداری کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی توێژەر دروست دەکات. دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی پیشەکەی، ئەوەش خۆی لەخۆیدا سیستەم و سەقامگیری سیستەمە.

2. **سنوور:** یەکێک لەچەمکەکانی تیۆری سیستەم بریتیە لە سنوور کە لەم چەمکەدا باس لە دوو جۆر سنوور دەکرێت ئەویش بریتیە لە سنووری مەعنەوی و ماددی. مەبەست لە سنوور ئەوەیە کە هەر سیستەمێک دەبێت یاسا و ڕێسای خۆی هەبێت بۆ ئەوەی لە سیستەمەکانی تر جیابکرێتەوە. لەم توێژینەوەیە مەبەست لە سنووری مەعنەوەی ئەو ئەرکانەیە کە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگای ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی دیاریکردووە. کە تائێستا لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ دیاریکردن و ڕێکخستنی ئەرکی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا چەندین ڕێبەر و ڕێنمایی و گشتاندنی جیاواز دەرچووە. کە دواهەمینیان ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی بوو جگە لە ڕێنمایی ژمارەی یەکی ساڵی 2021 کە تایبەتە بەهەمواری ڕێنمایی ژمارە 3ی ساڵی 2020 تایبەت بە قوتابخانە ناحکومییەکان. تیایدا باس لە ژمارەی قوتابی بەرامبەر بە توێژەران دەکات لە 150 قوتابی کرا بە 300 قوتابی بۆ توێژەرێک لە قوتابخانە ناحکومییەکان. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە سنووری ماددی لەو توێژینەوەیە لە چوارچیوەی تیۆری سیستەمدا، بریتیە لە لایەنی ماددی دابین کراو بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی وەک مووچەیەکی شایستە بە پیشەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان و هەبوونی دەرماڵەی پیشەیی و ئەو مافە ماددیانەی کە بۆ توێژەر دابین دەکرێت، لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان. دابین کردنی ئەو مافە ماددیانە دەبێتە هۆی باشترکردنی ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان جا حکومی بێت یاخود ناحکومی. جگە لەلایەنی ماددی و مەعنەویەکەی دەبێت بزانین سنوور لەگەڵ ژینگەی ناوەخۆ و ژینگەی دەرەکی ڕوون و ئاشکرا بێت. وەک دەزانرێت بە هۆی کرانەوەی دونیا لەگەڵ هاتنی جیهانگەراییدا، کۆمەڵگاکان پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە بینی. کەرتی لەو پێشکەوتنە پەروەردەش بێ بەش نەبووە. بۆیە توێژەرانیش دەبێت ئاگاداری ژینگەی دەرەوەی قوتابخانە و کۆمەڵگەی خۆیان بن. لەبەرئەویە یەکێک لە گریمانەکانی تیۆری سیستەم بریتیە بوو لە سیستەمی کراوە و سیستەمی داخراو. جا لە سیستەمی کراوەدا، توێژەر وەک بەشێکی سەرەکی لە سیستەمی پەروەردە دا بەگشتی لە سیستەمی قوتابخانە دا بەتایبەتی دەبێت ڕۆڵی هەبیت لە کرانەوە بەڕووی ژینگە و سیستەمە جۆراجۆرەکانی تری کۆمەڵگادا. لەهەمانکاتدا لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەزگاکانی تری دەرەوەی قوتابخانە دەبێت توانایەکی بەهێزی هەبیت. وەک بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارە جیاجیاکان بۆ ناو قوتابخانە، بۆ ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار و هەڵمەتی هۆشیاری لە چوارچێوەی سیستەمی ڕێگەپێدراوی قوتابخانەدا. هەروەها ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە بێت، کە لە دەرەوە ڕوودەدەن. ئەوەش پێویستی بەلێهاتوویی و شارەزایی توێژەری کۆمەڵایەتی دەبیت لە چوارچێوەی پسپۆریەکەی. بەڵام لە سیستەمی داخراودا توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەستەی کارگێری قوتابخانە دوور دەبن لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی قوتابخانەدا. لێرەدا پرۆسەی پەروەردە و فێربوون لە ئاستی چەقبەستوویی و متبوندا دەمینێتەوە.

3. **ووزە:** یەکێکە لە چەمکەکانی تیۆری سیستەم، گریمانەی ئەوە دەکات کەوا تێچوەکان زۆرتر بن لە دەرچووەکان. واتە کاتێک سیستەم دەتوانێ ووزە عەمبار بکات ئەگەر توانی لەژینگەی دەرەوە زۆرترین کار و چالاکی بهێنێتە ناو سیستەمەکە. لەو توێژینەوەیەدا ئەوە دەخرێتە ڕوو کە چۆن توێژەری کۆمەڵایەتی عەمباری ووزە بکات لە ناوە و دەرەوەی ژینگەی قوتابخانە دا. ئەوەش زیاتر پەیوەندی

بە لێهاتوویی و کارامەیی تـوێژەری کۆمەلایەتی هەیە. بـۆیە تـــوێژەری کـــۆمەلایەتی  دەتوانیـــت زۆرتـــرین ووزە بە قوتابخانە و قوتـابی ببەخشـیت لەڕێگەی زەمینەسـازی و هەڵ ڕەخســـاندن لە نـــاو ژیـــنگەی قوتابخـــانەدا. وەک دروستکردنی گرووپی قوتابیانی چالاک و بەشداربیێکردنیان لە چالاکیەکانی دەرووەوەی ژینگەی قوتابخانەکەی خۆیدا. ئەگەر بەردەوامی هەبیـــت ئەوا دەبێـــتە عەمبـــارکردنی توانایەکی بەهێز و باش لە سیستەمی قوتابخانە. واتە پەرە بەتواناکـانی قوتابیـان دەدرێـت. لە ئەنجامــدا توانــای قوتابخـانەکە بەرز دەبیـتەوە و باشـتر دەبێـت، لە ڕێگـای ڕۆڵی تـــوێژەری کـــــۆمەڵایەتی پرۆســــەی پەروەردە و چالاکیەکانی(خوێندنەوە، وەرزشی، هونەری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری) و ئارەزووی قوتابی بۆ قوتابخانە باشتر دەبێت کە ئەوەش ئامــــانجی پرۆســــەی پەروەردەکـــــردنە لە سیســـتەمی پەروەردەدا. بەڵام لەهەمـان کاتـدا هەنـدێک گرفت و بەربەست لە هەر سیستەمێکدا هەن کە دەبنە بەربەسـت لە عەمبـارکردنی ووزەکـان تەنـانەت دەبێـتە لەدەسـتدانی تواناکان. چـونکە سیسـتەم خـۆی توانـاییەکی دیـاریکراوی هەیە. جـا بەربەسـتەکانی بەردەم بـاش بـوونی ڕۆڵی تـوێژەری کـۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکـان دەتـوانین بـیکەین بە چەنـد جۆرێـک وەک: (گـرفتی تـایبەت بە خـودی تـوێژەر وەک کەسـایەتی تـوێژەری کـۆمەڵایەتی و پابەند نەبوونیان بە ڕەوشتی پیشەیی یاخود گرفتی پێشەیی واتە ئامادەنەکردنیـان لە خوێنـدنی زانکـۆ و کۆلێژەکان بـۆ کـاری پێشـــەیی بەشـــێوەیەکی زانســـتی و مەیـــدانی یـــان گرفتەکـانی پەیوەسـت بە خزمەتگـوزارییە کارگێرییەکـان وەک دابین نەکـردنی ژووری تـایبەت بە تـوێژەران و دابین نەکردنی کەرەسـتەی پێویسـت بەکاری پیشـەیی تـوێژەری کـۆمەڵایەتی لە قوتابخـانە و هەروەهـا ڕەوانە نەکـردنی قوتابیـانی خـاوەب گرفـت یـاخود بەهرەمەنـد بـۆ لای تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە نـاو قوتابخـانەدا. گـرفتێکی تـر پەیوەستە بە بەخێوکارانی قوتابیان کە شارەزاییان لە ئەرک ورۆڵی تـوێژەران نەبێـت نەوەک یارمەتیـدەر نـابن بەلکـو ڕێگر دەبن لە پێشکەش کردنی چارەسـەر و بەدواداچـون بۆ گرفتی منداڵاکانیان. وە گرفتیکی تریش خودی قوتابیانن کە سەردانی توێژەران ناکەن یاخود زانیاریەکان دەشارنەوە لە تـوێژەرانی کـۆمەڵایەتی لە قوتابخـانەدا) هەمــوو ئەو گرفتانە بەربەستن لەبەردەم ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە عەمبــارکردنی ووزە بــۆ باشـــتر کـــردن و پەرپێـــدان  بە سیســــتەمی قوتابخــــانە و پەروەردە تــــاکو پرۆســــەیکی پەروەردەیی بـاش پێشـکەشی قوتابیـان بکرێـت. چـونکە ووزەی دەرچوو بەبەراورد بە ووزەی هاتوو زیاترە. لێرەدا لە

چەمکی تێچووەکان ودەرچووەکان، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چەمـکی تێچووەکـان، واتە پەیوەنـدیەکی بەهێزیـان لەگەڵ سیســـتەمی کـــراوەدا هەیە ، کە تـــوێژەرانی کـــۆمەلایەتی دەتوانن کارامانە کاربکەن و چالاکی فەراهەم بکەن. بەلام چەمـکی دەرچووەکـان لە سیسـتەمی کـراوەدا واتـا تـوێژەری کـۆمەلایەتی پەیوەســتە بە توانـا و لێهـاتوویی خــۆی لە پراکتیزەکـــردنی پیشـــەییانە لە چوارچێـــوەی سیســـتەمی قوتابخـــانە بـــۆ پێگەیانـــدنی نەوەیەکی پێگەیشـــتوو و تەندروسـت بـۆ کۆمەڵگا. بەڵام لە سیسـتەمی داخـراوادا، تـــویژەری کـــۆمەڵایەتی هەوڵەکـــان و کارەکـــانی تەنهـــا لە چوارچێـــوەیەکی چەقبەســـتووی خـــۆی دەبینێـــتەوە کە کـاریگەری نەرێـنی لەسـەر قوتابیـان و خـودی تـویژەر دروسـت دەکات. لە ئەنجامـدا کاریگەری نەرێنی لەسـەر کۆیی سیستەم و پرۆسەی پەروەردە دروست دەکات.

**4. ئاڵوگۆڕکردن:** لە تیـۆری سیسـتەم مەبەسـت لە چەمـکی ئـاڵوگۆڕکردن بـــریتیە لە ڕاگـــرتنی هاوســـەنگی لە نێـــوان تێچووەکان و دەرچووەکان لە سیستەمی کراوەدا. تـوێژەری کـــۆمەڵایەتی وەک بەشـــێکی ســـەرەکی لە سیســـتەمی قوتابخانەدا، لە میانی ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی لە قوتابخانە هەوڵی ڕاگـــرتنی ئەو هاوســـەنگیە دەدات، بە هاوکـــاری بەشەکانی تری نێو سیستەمی قوتابخانە. کە مەبەست لێی سیسـتەم بە شـێوەیەکی تەندروسـت بەردەوام بێـت و گەشـە بکات. تـوێژەری کـۆمەڵایەتی لەچەنـد ڕوویەکەوە وەک ڕێگــــــری(Prevent)، پاراســــــتن(Protect) و پێشخســـتن(Promote) دەتوانێـت هاوســـەنگی ڕۆڵ و پیشـەکەی بپارێزیت لە ناو ئەو سیستەمەی کە تێیدا کار دەکات. کە ئەو سێ خاڵە بریتین لە بنەمای کاری توێژەرانی کـــۆمەڵایەتیە. ڕێگـــری بـــریتیە لەوەی کە تـــوێژەری کـــۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات لە ڕێـــگەی پرۆگـــرامیکەوە ڕووبەڕووی هۆکارە نـاوەکی و دەرەکیەکان ببێـتەوە. کەوا کاریگەری نەرێنی لەسـەر سیسـتەمی قوتابخـانە دروسـت دەکات. پاراسـتن بریتیە لەوەی توێژەر هەوڵی چارەسـەری گرفتەکانی قوتابیان و سیستەمی قوتابخانە بە هەماهەنگی یـاخود سـوود وەرگـرتن لە تواناکـانی سـتافی قوتابخـانە و خـێزان و کۆمەڵگـا دەدات. پێشخسـتن بـریتیە لەوەی کە تـــوێژەری کـــۆمەلایەتی هەوڵ دەدات پەرە بە تواناکـــانی قوتابیـان بـدات، لەڕێگای دەرخسـتنی تواناکانیـان و گـرنگی پێـــدانیان یـــاخود لە ڕێگـــای کـــۆڕ و ســـیمینار هەوڵی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان دەدات، کە چۆن ڕووبەڕوی گرفتەکان ببنەوە و چۆن خۆیان هەوڵی چارەسەری بدەن. بۆ ئەوەی بتوانن تاکی پشت بەخۆبەستوو بەرهەم بهێنن. ئەوەش دەرخەری توانا و لێهاتووی توێژەری کۆمەلایەتیە

له قوتابخـانه كه تـا چەنـد توانيويەتى هاوسـەنگى له نێو سيستەمى قوتابخانه دا دروست بكات.

5. **فيدباك:** يەكێك تر له چەمكەكانى تيۆرى سيتەم بريتيه له فيدباك كه جەخت لەسەر ووزەى هەناردە و هاوردە دەكاتەوە. ئەگەر ئەو چەمـكەى پەيوەسـت بە تـوێژەرى كـــۆمەڵايەتى له قوتابخــــانه بكەيـــن. ئەو تـــوێژەرە كـۆمەڵايەتيەى كه هەوڵ دەدات قوتـابى تەندروسـت بخاتە نێو كۆمەڵگا له ژێر بارودۆخى ژينگەى ناو قوتابخانه يـاخود دەرەوەى قوتابخـانه يـان هەردوو ژينـگەى نـاوە و دەرەوەى قوتابخـانه. لەگەڵ پێشـكەوتن و پەرەسـەندنى زيـاترى كۆمەڵگـادا، گرفتەكـانيش زيـاتر دەبـن. لـێرە مەبەسـتمانە گرفتەكانى قوتابيان باس بكەين. گرفتەكان هەمەجــــــۆرن وەک گــــــرفتى پەروەردەيى، دەروونى، كـۆمەڵايەتى و ئـابوورى. هەمـوو ئەو گرفتـانە كـاريگەرى نەرێنيـان لەســەر بەشـداريكردنى قوتابيـان له گشـت چالاكيەكـانى نێـو قوتابخـانەدا هەيە. كـاريگەرى نەرێـنى لەسـەر كـۆى پرۆسـەى پەروەردە جێدەهێڵێت. تـوێژەرى كۆمەڵايەتى وەک بەشێكى گرنگى نێو سيستەمى قوتابخانه و پرۆســــەى پەروەردە دەبێـــت ڕۆڵى هەبێــــت له هوشـياركردنەوەى قوتابيـان لەو گرفتـانەى كه دێـنە پـێش و چـونيەتى ڕووبەڕووبونەويـان جـا ئەو گرفتـانە چ له نـاو ژينگەى قوتابخانه بێت ياخود له ژينگەى دەرەوە بێت

لەژێــر ڕۆشــنايى تيــۆرى سيســـتەمدا به پشــت بەســتن به چەمكەكان و گريمانەكانى تيـۆرى سيسـتەم. ئەو تـوێژينەوەى لەئەنجـامى وەڵامى سەرپەرشـتيارانى ڕێنماييكار و تـوێژەرانى كـۆمەڵايەتى له قوتابخـانه ئامادەييەكانى حكـومى و نـاحكومى پەروەردەى ناوەنـدى هەولير كه لەلايەنى مەيدانى بەدەسـتمان دەگــــات. هەوڵ دەدات بزانيـــــت ڕۆڵ و ئەركى تــــوێژەرانى كۆمەڵايەتى له قوتابخانه ئامادەييەكان له چ ئاستێكدايە. دواتر بەراوردى نێـوان تـوێژەرانى كـۆمەڵايەتى لەنێـوان قوتانخانەكانى كەرتى حكومى و ناحكومى دەكرێت


## بەشى سێيەم: ميتۆدى توێژينەوە

بـــۆ گەيشــــتن به ئامانجەكـــان، ميتـــۆدى ســـيكوچكەيى (Triangulation Method) بەكارهـاتووە كه پێكـدێت له ميتـۆدى تـێكەڵاو (Mixed Method) لەگەڵ ميتـۆدى شيكردنەوەى داتاى لاوەكى (Secondary Data Analysis) بۆ شيكردنەوەى داتا فەرميەكانى وەزارەتى پەروەردە. هەروەها ميتـۆدى وەسـفى شـيكارى بەراوردكـارى له ڕێـگەى ڕووپێـوى كۆمەڵايەتى گشتگير بۆ شيكردنەوەى داتا بەدەستهاتووەكان له ڕاپرسى و چاوپێكەوتنەكان بەكار هاتووە.

ئەو تـــوێژينەوەيە بەســـەر دوو نمـــوونە جێبەجێكـــراوە، كه يەكەميـــان تـــوێژەرانى كـــۆمەڵايەتين لەهەردوو جـــۆرى قوتابخانەكانى حكومى و ناحكومى كه قەبارەيان 130 يەكە بوو، به ڕێـگەى ڕووپێـوى گشـتگير گشـت تـوێژەرانى كـۆمەڵايەتى لەقوتابخـــانە ئامادەييەكـــانى پەروەردەى ناوەنـــدى هەولـــێر وەرگـيراون له ڕێـگەى لينـكى گۆگـل فـۆرم كه له 49 پرســـيار پێكهـاتبوو. نمـوونەى دووەم بـريتى بـوو له 3 سەرپەرشـتيارى ڕێنماييكار. كه دوو بەرێزيان سەرپەرشتى توێژەرانى كۆمەڵايەتى قوتابخـــانە ئامادەييەكـــانى حكـــومى دەكـــرد. بەڕێـــزێكيش سەرپەرشـتى تـوێژەرانى كـۆمەڵايەتى قوتابخـانە ئامادەييەكـانى ناحكومى دەكرد.

بۆ شيكردنەوەى ئەنجامەكانى توێژينەوەكە، سوود له هەگبەى ئامارى بۆ زانستە كۆمەڵايەتييەكان ( Statistical Package for Social Sciences -SPSS) كه هەر يەكه له ناوەندى ژمـێرەيى، ناوەنـد، لادانى پێـوەرى، جيـاوازى، لارى، تەپـين، شـێوازى چەمـاوەى پـانى، هاوكێشـەى پەيوەسـتى سـپێرمان و پێرسـۆن، ناوەندى سەنگراو و تاقيكردنەوەى (t) وەک ئامرازى ئامـــارى بەكارهـــاتوون لەگەڵ بەرنـــامەى ئێكســـڵ(Excel). هەروەها فۆرمى ڕاپرسيەكه به مەرجە سايكۆسۆسيۆمەتريەكان تێپەڕيوە له دەركردنى ڕاستگۆيى و جێگيرى بەڕێژەى 0.97.

هەروەها دابەشبوونى سروشتى نمونەى توێژينەوەكەمان وەک له شێوەى خوارەوە ديارە




## بەشى چوارەم: دەرئەنجامەكانى توێژينەوە

گرنگترين دەرئەنجامەكانى توێژينەوە بريتيه له:

1- توێژەرانى كۆمەڵايەتى له قوتابخانە ئامادەييەكانى حكومى زياتر له كاتى كێشە وگرفت پەيوەندى به قوتابيان دەكەن، له بەرامبەردا له قوتابخـانە ئامادەييەكانى نـاحكومى زياتر گەشـە به توانـاى قوتابيـان دەدەن لەڕێگـاى سـيمينار و چالاكى جۆراوجۆر.

2- توێژەرانى كۆمەڵايەتى له قوتابخانە ئامادەييەكانى حكومى زيـاتر له كـاتى كێشـەدا بانگهێشـتى بەخێوكارانى قوتابيـان دەكەن بـــۆ قوتابخـــانە. لەبەرامــــبەردا لەقوتابخـــانە ئامادەييەكانى ناحكومى زياتر له كاتى بۆنەو ئاهەنگەكان و بەهرەمەندى قوتابيان بانگكهێشتى بەخێوكارانى قوتابيان دەكەن.

3- بەخێوكارانى قوتابيانى قوتابخانە ناحكوميەكان شارەزايان زياترە به ئەرک و ڕۆڵى توێژەرانى كۆمەڵايەتى به بەراورد به بەخێوكارانى قوتابيان له قوتابخانە ئامادەييەكانى حكومى.

4- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی زیاتر ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە لە کاتی چارەسەری کێشەی قوتابیان بەراورد بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی ناحکومی

5- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی ناحکومی پەیوەندیان باشترە لەگەڵ مامۆستایان بەبەراورد بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی.

6- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان چوار پسپۆری لەخۆگرتووە کە بریتین لە دەرچووانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و کاری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی دەروونی. هەروەک لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی 86% دەرچووانی کۆمەڵناسی و 14% دەرچووانی دەروونزانین. لەقوتابخانە ئامادییە ناحکومیەکان 69% دەرچووانی کۆمەڵناسی و 15% دەرچووانی دەروونزانی و 8% دەرچووانی کاری کۆمەڵایەتی و 8% دەرچووانی ڕێنمایی دەروونین

7- ئەو تێورانەی کە لەکۆلێژ خوێندراوە جگە لە پسپۆریەکانی کاری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی دەروونی لەمەیدانی کارکردندا سوودی نەبووە بۆ کاری پیشەیی توێژەرانی کۆمەلایەتی بەتایبەت ئەو تیۆرانەی کە لەبەشی کۆمەڵناسی خوێندراوە.

8- دەرچووەکانی بەشی دەروونزانی و کاری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی دەروونی شارەزاییان باشترە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیان قۆناغی ئامادەیی بە بەراورد بە دەرچووانی بەشی کۆمەڵناسی

9- ڕەگەزی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی کەرتی حکومی و ناحکومی بەوشێوەیەن: لە کەرتی حکومی 27%توێژەری کۆمەڵایەتی لە ڕەگەزی نێر و 73% لە ڕەگەزی مێیە. بەڵام لەکەرتی ناحکومی 44% ڕەگەزی نێر و 56% لە ڕەگەزی مێیە.

10- ساڵانی خزمەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی حکومی زۆرینەیان لە نێوان 6 تا 15 ساڵە. بەڵام لەکەرتی ناحکومی ساڵانی خزمەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە نێوان 1 تا 5 ساڵە.

11- یاسا و ڕێنمایی و ڕێبەری تایبەت بە توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ گشت توێژانی کۆمەڵایەتی بووە، بۆ هەردوو کەرتی حکومی و ناحکومی، جگە لە ژمارەی ڕێنماییەکان بۆ قوتابخانە ناحکومیەکان زیاترە و ژمارەی قوتابی بەرامبەر بەتوێژەر گۆڕا لە 150 قوتابی بۆ 300 قوتابی بە هەر توێژەرێک، بەرێنمایی ژمارە 1ی ساڵی 2021. هەرچەندە توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیان وابوو کە زۆری ژمارەی قوتابیان کاریگەری هەیە لەسەر ڕۆڵیان بەشیوەیەکی ڕێک وپێک، کاتێک 150 قوتابی بەرامبەر بە توێژەرێک بوو.


12- بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان زانیاریان باشیان لەسەر ئەرک و ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەیە، بەشی زۆریان بووینە یارمەتیدەریان لەنێو قوتابخانەکان.

13- لە گشت قوتابخانەکان توێژەری کۆمەلایەتی ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنن یاخود ئەندامی لێژنەی پەرەپێدانی قوتابخانەن بە تایبەت لە کەرتی حکومی.

14- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ناحکومیەکان جگە لە ئەرکی پیشەیی خۆیان ئەرکی وانە پێ گوتنەوەیان بە پێ ویستی خۆیان پێ سپێردراوە کە بریتییە لە وانەی ماف وجینوساید، ئەمەش پێشێلی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

15- زۆرینەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و ناحکومی بەپەرۆشەوە خۆلیای بەشداریکردنیان لە خول و ڕاهێنان هەیە. تا ئەو ئاستەی ئەگەر تێچووی خولەکان لە ئەستۆی خۆیان دابێ، بۆمەبەستی پەرپێدان بە تواناکانی خۆیان و ئاشنا بوونیان بە گرفت و کێشە هەنووکەیەکان و چۆنیەتی چارەسەرەکردن وڕووبەڕووبونەوەیان.

16- ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی لە ئاستی مامناوەندە بە ناوەندی ژمێرەی سەنگکراوی 2.11. بەلام لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی لە ئاستی باشە بە ناوەندی ژمێرەی سەنگکراوی 2.33 هەرچەندە ئەویش نزیکە لە مامناوەند، بەڵام جیاوازیەکەیان ئاماژە ئامارییە لە ئاستی بەلگەیی 0.001 دا. وەک لەشێوەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە ئەوەش بە پێچەوانەی گریمانەی ئەو توێژینەوەیە کە پێی وابوو توێژەرانین کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئەمادەییەکانی حکومی ڕۆڵیان باشترە بە هۆێ زۆری ساڵانی خزمەتیان.




شێوەی ژمارە (2) جیاوازی ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و ناحکومی

## پێشنیازەکان

**1.** بەشە زانستیەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە ئامادەکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بدەن و پڕ چەکی زانستی نوێی هاوچەرخیان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن

به ئاسانتر مامەڵە لەگەل پێشهاتەکان بکەن و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی باشتر پێشکەش بکەن.

2. دروست کردنی لێژنەیەکی پسپۆر یاخود بۆردێکی تایبەت بە کاری کۆمەڵایەتی لە کاتی هاتنە پێشەوەی هەر گرفتێک لە دەسەلات یاخود لە توانای توێژەری کۆمەڵایەتی نەبوو لە نێو ناوەندی خوێندن دا بەمەبەستی چارەسەرکردن یاخود پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێویست بەباتەکە.

## ڕاسپاردەکان

لە ڕوانگەی دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە چەند ڕاسپارەدەیک بە گرنگ دەزانین بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکرێت:

1. کاریگەری پەیوەستی قوتابیان بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ناوندەکانی خوێندندا.
2. چۆنیەتی مامەڵەکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دۆخەکانی(cases) لە نێو قوتابخانەکاندا.
3. کاریگەری بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی تایبەت بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی
4. کاریگەری هەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە باخچەکانی منداڵان.

## سەرچاوەکان


1. بۆکانی.سابیر، 2020، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
2. حسن احمد عبدالمنعم، 1996، اصول البحث العلمي(الجزء الاول)، مكتبة الاكاديمية، القاهرة.
3. حمد شوقی عثمان، 2015، ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادییەکانی شای هەولێر: توێژینەوەیەکی مەیدانییە، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلەحەدیین کراوە،.
4. سليمان حسين حسن، 2005، السلوك الانسانی و البيئة الاجتماعية بين النظرية و التطبيق، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت.
5. عيد حنان عيد محمد ، دراسة مقارنة لدور الاخصائي الاجتماعي فی المدارس الحكومية والخاصة، رسالة ماجستير غير منشورة، 1996، مقدمة الى قسم الخدمة الجتماعية، جامعة القاهرة، مصر.
6. کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسان، 2015، ڕیبەری کاری توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەلێر.
7. مصطفى مهدى عباس قادر، 2020، تحديات الخدمة الاجتماعية المدرسية و تطبيقاتها في اقليم كوردستان العراق، دراسة ميدانية فی مدينة اربيل، اطروحة دكتوراه غير منشورة، مقدمة الى قسم علم الاجتماع، كلية الاداب، جامعة بغداد.
8. معتوق فريدريک، 1998، معجم العلوم الاجتماعية، اكاديميا انترناشينال للنشر و الطباعة، بيروت.
9. وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2020، ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، هەولیر.
10. Gobby Brad J, 2017, Powers of Curriculum: Sociological perspectives on Education, Edited by Rebecca Walker, Oxford University Press.
11. IASSW, 2020, Illinois State Board of Education & Illinois Association of School Social Work, School Social Work Best Practice Guide, 3rd ed, 2020.
12. Jary Jayid & Jary Julia, 1991, Collins Dictionary of Sociology, HarperCollins Publisher.
13. Langer Carol L. & Lietz Cynthia A., 2015, Applying Theory to Generalist Social Work Practice, John Wilfy, Canada.
14. McMahon Maria Oneil, The General Method of Social Work Practice a problem-solving approach, 3rd ed, Prentice Hall, New Jersey.
15. NASW, 2012, National Association of Social Works: NASW Standards for School Social Worker Services, USA, NASW press.
16. Payne Malcolm, 2014, Modern Social Work Theory, 4th ed, Palgrave Macmillan, England.
17. Stalnaker Dee, 2022, History of School Social Work, School Social Work Association of America, published on 9th March 2022.
18. Teater Barbra, 2010, An Introduction to Applying Social Work Theories and Methods, Mcgraw-Hill Education, Open University Press, England.
19. United Nations, 1950, Universal Declaration of Human Rights Adopted and Proclaimed by the General Assembly of the United Nations on the Tenth Day of December 1948, Final Authorized Text. New York.
20. گروپ پەیجی سۆشیەل میدیای بەشی کاری کۆمەڵایەتی (https://web.facebook.com/Salahaddin-University-Department-of-Social-Work-289540961555264).
21. وێبسایتی زانکۆی بغداد (https://coeduw.uobaghdad.edu.iq/?page_id=15011) سەردانیکرا لە 2022/2/14.
22. وێبسایتی فەرمی زانکۆی القادسیة (https://qu.edu.iq/art/?page_id=50) سەردانیکرا لە 2022/2/14
23. ویبسایتی فەرمی زانکۆی سلێمانی (http://hum.univsul.edu.iq/) سەردانیکرا لە 2022/8/4
24. Caroline Skehill, History of Social Work in the United Kingdom, 2010, Accessed on 8th April 2022 Available at (https://www.oxfordbibliographies.com/view/document/obo-9780195389678/obo-9780195389678-0051.xml?rskey=puO9BT&result=15&q=School+Social+work+in+UK#firstMatch).
25. Elizabeth Wisner, "The Uses of Historical Material in the Social Work Curriculum." *Social Service Review*, vol. 34, no. 3, 1960. Accessed on 29th Jul. 2022, *JSTOR*, Available at http://www.jstor.org/stable/30017471.

26. International Association of School Social Work, Global Definition of Social Work, 2014. Accessed on 11th November 2021. Available at: (https://www.ifsw.org/what-is-social-work/global-definition-of-social-work/#:~:text=%E2%80%9CSocial%20work%20is%20a%20practice,are%20central%20to%20social%20work).
27. Kyle Zinth, Education Commission of the State (South Carolina Constitution 59-1-120), Accessed on 12th December 2021, Available at (http://www.scstatehouse.net/code/t59c001.htm). and (http://live.com/)
28. John, Longres F,2022, Gorden Heran(1914 – 1979), Encyclopedia of Social Work, 2013. Accessed on 15th April 2022, Available at: (https://oxfordre.com/socialwork/view/10.1093/acrefore/9780199975839.001.0001/acrefore-9780199975839-e-712).
29. باليسانی، محمد، توفیق. سەرپەرشتیاری ڕێنماییکار(کۆمەڵناسی) لە یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی سەنتەری هەولێر لە بەرواری 9/8/2022.
30. شوقی عثمان حمد، سەرپەرشتیاری ڕێنماییکار(کۆمەڵناسی) لە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی قوتابخانە ناحکومیەکانی هەولێر لە بەرواری 9/8/2022.
31. عثمان ،عبدالستار. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تایبەت بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئامادەیی خانەنشینکراو لە 2013 ئەو باسەی بۆ توێژەر کرد. بەڵام توێژەر بۆ جارێکی تر لە 2021/12/5 دیداری لەگەڵ سازدا هەمان ووتەی دووبارە کردەوە.
32. محمد، قاسم امین. سەرپەرشتیاری ڕێنماییکار(دەروونزانی) لە یەکەی سەرپەرشتیکردنی ئامادەیی و پیشەیی سەنتەری هەولێر لە بەرواری 9/8/2022.